# کاریگەری مۆبایلی زیرەک لەسەر ڕۆشنبیری سیاسی گەنجان لە هەرێمی کوردستان[1]

توانا مستەفا ڕەشید*          پ.ی.د.ڕێبەر گۆران مستەفا**

وشە کلیلییەکان: مۆبایلی زیرەك، ڕۆشنبیری سیاسی، گەنجان، هەرێمی کوردستان.
https://doi.org/10.31271/jopss.10125

**پوختە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی ئەو کاریگەرییانەیە کە ڕەنگە مۆبایلی زیرەك لەسەر ڕۆشنبیری سیاسی گەنجان دروستی بکات لە هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەت زانینی ئاست و قەبارەی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك لەلایەن گەنجان لەهەرێمی کوردستان، هەروەها خستنەڕووی دیارترین ئەو بابەتە سیاسیانەی کە بەلای گەنجانەوە گرنگن، دواتر گەیشتن و ڕاڤەکردنی بۆچوونی گەنجان لەبارەی ئەو بابەتە سیاسیانەی لە ڕێگای مۆبایلی زیرەك بڵاودەکرێنەوە و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕۆشنبیری سیاسیان. ئەم توێژینەوەیە، لەجۆری توێژنەوە وەسفییەکانە و تیایدا میتۆدی ڕووپێوی جەماوەر بەکارهێنراوە، لەرێگای (فۆڕمی ڕاپرسی)توێژەران لەنێو کۆمەڵی توێژنەوەکەدا سامپڵێکی ناهەڕەمەکی مەبەستداری هەڵبژاردووە و کە خۆی دەبینێتەوە لە ٢٠٠ گەنج لە بەکارهێنەرانی مۆبایلی زیرەك، کە بەشێوەیەکی یەکسان دابەشیکردوون بەسەر هەر چوار پارێزگاکەی کوردستاندا و بۆ هەر پارێزگایەك (٥٠) سامپڵ وەرگیراوە بەپێی تایبەتمەندییە دیموگرافییەکانی (ڕەگەز، تەمەن،باری ئابوری، ئاستی خوێندەواری،پارێزگا). توێژەران گەیشتوون بە چەند دەرەنجامێك لەوانە: هەرچەندە مۆبایلی زیرەك بەپلەی یەکەم، ئامراز و سەرچاوەی دەستگەیشتنی گەنجانە بە پرسە سیاسییەکان و کاریگەری گەورەشی دروستکردووە لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری سیاسییان، بەڵام دەزگا و حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان وەك پێویست نەیانتوانیوە لەرێگەی مۆبایلی زیرەکەوە کاری ورد و جدی بکەن بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی پرانسیپ و سیاسەتی حزبەکانیان پەیامی سیاسی دروست، بگەیەنن بە گەنجان.

---

[1] . ئەم توێژینەوەیە هەڵێنجراوە لە ماستەرنامەی خوندکاری خوێندکار (توانا مستەفا ڕەشید) بە ناونیشانی (کاریگەری مۆبایلی زیرەك لەسەر ڕۆشنبیری سیاسی گەنجان لە هەرێمی کوردستان ) بڵاونەکراوە.

* خوێندکاری خوێندنی باڵا/ ماستەر لە بەشی تەکنیکی میدیا - کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی - زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی. کارمەند لە وەزارەتی ڕۆشنبیری twana.mustafa@spu.edu.iq

** بەشی تەکنیکی میدیا ، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پۆلەتکنیکی سلێمانی rebar.goran@spu.edu.iq

**ملخص**

**تأثير الهواتف الذكية على الثقافة السياسية للشباب في إقليم كردستان**

يهدف هذا البحث معرفة تأثير الهواتف الذكية على الثقافة السياسية لدى الشباب في إقليم كردستان، خاصة معرفة مدى وحجم استخدام الهواتف الذكية لدى المبحثين، وعرض أبرز المواضيع السياسية التي تهم عينة البحث، فضلاً عن وصول وتفسير آراء الشباب في إقليم كردستان حول المواضيع السياسية المنشورة على الهواتف الذكية وتأثراته على ثقافتهم السياسية. هذا البحث من نوع الدراسات الوصفية ويستخدم فيه منهج المسح بطريقة مسح الجمهور عن طريق استخدام استمارة استبانة على عينة غيرعشوائية قصدية عددها (٢٠٠) مبحوث من مستخدمي الهواتف الذكية و وزعت بشكل متساوي على محافظات الإقليم ولكل من محافظة أخذت (٥٠) عينة حسب المتغيرات الديموغرافية، مثل: (الجنس، الفئة العمرية، المستوى الاقتصادي، المستوى التعليمي، المحافظة). وتوصل الباحثان في هذا البحث إلى مجموعة من استنتاجات، ومن أهما: على الرغم من ان الهواتف الذكية تعد في المقام الأول أداة ومصدرًا لوصول الشباب إلى القضايا السياسية وكان لها تأثير كبير على مستوى ثقافتهم السياسية، إلا أن المؤسسات والأحزاب والمنظمات السياسية لم تتمكن من العمل بجدية عبر الهواتف الذكية لإيصال الرسالة السياسية الصحيحة للشباب في إطار مبادئ وسياسات أحزابها.

**Abstract**

**The impact of smartphones on youth political culture in the Kurdistan Region**

This research aims to know the impact of smartphones on the political culture of young people in the Kurdistan Region, especially knowing the extent and extent of the use of smartphones among the respondents and presenting the most prominent political topics of interest to the research sample, as well as accessing and interpreting the opinions of young people in the Kurdistan Region on published political topics. Smartphones and their repercussions on their political culture. This research is a type of descriptive study and uses the survey method in the manner of surveying the public by using a questionnaire form on a non-random, intentional sample of 200 respondents from smartphone users, distributed equally among the governorates of the region. For each governorate, samples were taken according to demographic variables, such as gender, age group, economic level, educational level, and governorate. In this research, the researchers reached a set of conclusions, the most important of which are: although Smartphones are primarily a tool and source of access for young people to political issues and have had a great impact on their level of political culture, political institutions, parties, and organizations have not been able to work seriously through smartphones to convey the correct political message to the youth within the framework of the principles and policies of their parties.

# پێشەکی

پێشکەوتنی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان بەگشتی و مۆبایلی زیرەك بەتایبەتی توانایەکی گەورەیان بە بواری ڕاگەیاندن بەخشی، دەروازەیەکی نوێیان بەڕووی تاك وکۆمەڵگادا کردەوە تاکو بتوانن بەشدارییەکی کارای دیاردە و ڕوداوە سیاسییەکانی دەوروبەریان بکەن، هەروەك چۆن ئەو دەرفەتەشی خستە بەردەم گەنجان بۆ ئاشنابوونیان بە حزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکان لە چۆنێتی مامەڵەکردنییان لەگەڵ ناوەڕۆکی پەیامە سیاسی و پرسە هەنوکەییەکانی لە پێناو هەڵسەنگاندن و خوێندنەوە بۆیان.

مۆبایلی زیرەك یەکێکە لە جۆرەکانی میدیای نوێ کە بە سمارتفۆن ناسراوە وە لەڕێگای چەند سیستمێکی کارکردنی پێشکەوتووە کاردەکات کە سیفەتی مەڵتی میدیایی هەیە، بەکارهێنەران دەتوانن لەرێگایەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنن و گوێ لە گۆرانی و میوزیك بگرن، کتێبی ئەلکترۆنی بکرِن، چەندین پرۆگرامی دیکەی جۆراو جۆر دابەزێننە ناو مۆبایلەکانیان.

ڕۆشنبیری سیاسیش چەمکێکی کۆمەڵناسییە، بەردەوام لەگەڵ ئامرازەکانی میدیادا ناوی دەهێنرێت، چوون یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی میدیا، ڕۆشنبیرکردنی تاکە جا چ لەڕووی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی یاخود پەروەردەیی.... هتد.

ڕۆشنبیری سیاسی بە شێکە لە ڕۆشنبیری گشتی کۆمەڵ و ئاماژەیە بۆ بیروباوەڕ و بەها و هەست و سۆز و ئاڕاستە و ڕەفتار کە پەیوەستن بە سیستمی سیاسی کۆمەڵگەوە، هەروەها ڕۆشنبیری سیاسی زۆرینەی خەڵك تارادەیەك جیاوازە لە ڕۆشنبیری دەستەبژێری سیاسی و تەنانەت لە نێوان سیستمە سیاسییەکانیشدا جیاوازن، لەو کۆمەڵگانەی کە سیستمێکی فرەیی پەیڕەودەکەن ئەوا پشتیوانی لە بەها دیموکراسی و جۆرایەتی و فرەیی ڕۆشنبیری و ئیتنیکی و ڕەگەزی و ئایینی و سیاسی دەکەن و جەخت لەسەر دامەزراوە دیموکراسییەکان دەکەنەوە، بەڵام لە سیستمی دەسەڵاتخوازدا جەخت و بایەخیان بۆ بەهاکانی ملکەچبوون و قبوڵکردنی بڕیارە هەڕەمەکییەکانە.

بەم پێیەش بێت موبایلی زیرەك، وەك ئامرازەکانی دیکەی میدیا لەگەڵ سیاسەت بوونەتە دوانەیەکی لێکدانەبراو، هەمیشە میدیا بەمەبەستی فراوانکردنی ڕۆشنبیری سیاسی تاکەکانی کۆمەڵگە، پەیامەکان لەرێگای میدیاوە ئاڕاستەی وەرگر دەکات، هەروەها گەشەکردنی ڕۆشنبیری سیاسیی و گەیشتنیشی بەوەرگر پێویستی بە ئامرازێکی میدیا هەیە،

ئەم توێژینەوەیە لە کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی موبایلی زیرەك لەسەر ڕۆشنبیری سیاسی گەنجان لەهەرێمی کوردستان دەکۆڵێتەوە، ئەویش لە ڕێگای سێ بەشی سەرەکییەوە:

لەبەشی یەکەمدا چوارچێوەی میتۆدنامەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، لەگەڵ دیاریکردنی چەمکەکان و توێژینەوەکانی پێشوو و تیۆری (حەتمیەی تەکنەلۆجی)، هەروەها بەشی دووەم تیۆرینامەی توێژنەوەکەیە، کە تایبەتە بە مۆبایلی زیرەك و ڕۆشنبیری سیاسی و موبایل و ڕۆشنبیری سیاسی، لەبەشی سێهەمیشدا تایبەتە بە ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە.

پاشان دەرەنجام، ڕاسپاردە، پێشنیاز و سەرچاوە و پاشکۆکان هاتووە، لەکۆتاییشدا پوختەی توێژینەوەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

# بەشی یەکەم
# میتۆدنامەی توێژینەوەکە

### ١/١)کێشەی توێژینەوەکە

توێژەر کێشەی توێژینەوەکە لە پرسیارێکی سەرەکیدا دەخاتەڕوو ئەویش (**ئایا مۆبایلی زیرەك دەتوانێت کاریگەری لەسەر ڕۆشنبیری سیاسی گەنجان لە هەرێمی کوردستان دروست بکات؟**) لەبەر ڕۆشنایی ئەو پرسیارە سەرەکییەشدا، توێژەر چەند پرسیارێکی لاوەکی دەخاتەڕوو:

١.ئاست و قەبارەی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك لای گەنجان لە هەرێمی کوردستان چەندە؟
٢. گرنگترین ئەو بابەتانە کامانەن کەسامپڵی توێژینەوەکە، گرنگیان پێدەدەن لەڕێگەی مۆبایلی زیرەکەوە؟
٣. مۆبایلی زیرەك دەتوانێت ئاستی ڕۆشنبیری سیاسی گەنجان بەرزبکاتەوە؟
٤. بەکارهێنانی موبایلی زیرەك چ گۆڕانکارییەك لە رۆشنبیری سیاسی گەنجانی هەرێمی کوردستان دروستدەکات بەپێی تایبەتمەندییە دیموگرافییەکان؟

### ٢/١)گرنگی توێژینەوەکە

١. لەروی زانستییەوە: دەبێتە یەکێك لە توێژینەوە نوێکان لەسەر مۆبایلی زیرەك و ڕۆشنبیری سیاسی گەنجان لە هەرێمی کوردستاندا کە ئەمەش دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بەزمانی کوردی و کەلێنێکی کتێبخانەی کوردی پردەکاتەوە.
٢. لەڕووی **پراکتیکییەوە:** گەیشتنە بە کۆمەڵێك داتا و زانیاری زانستی دیاریکراو پەیوەست بەبەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك و ئەو کاریگەرییەی کە لەسەر ڕۆشنبیری سیاسی گەنجان دروستی دەکات.

### ٣/١)ئامانجی توێژینەوەکە

١. زانینی ئاستی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك لەلای گەنجانی هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی سیاسی وزیادکردنی رۆشنبیری سیاسییان.
٢. دیاریکردنی ئەو کاریگەرییانەی مۆبایلی زیرەك دروستی دەکات لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری سیاسی گەنجان.
٣. ئەو بابەتە سیاسییانە کامانەن کە گەنجان لەرێگای مۆبایلی زیرەکەوە گرنگی پێدەدەن.
٤. گەیشتن بە گرنگترین ئەو جیاوازیانەی کە لەبەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك دروست دەبێت لای گەنجان لەهەرێمی کوردستان بەپێی تایبەتمەندیە دیموگرافییەکان.

### ٤/١)توێژینەوەکانی پێشوو

١. توێژینەوەی (محمد عبد الحمید أحمد)، بە ناونیشانی (توظیف طلاب الإعلام لتطبيقات الهواتف الذكية (Smart Phones) في تطوير جانبي التعلم والتدريب)(خوێندکارانی میدیا ئەپڵیکەیشنی مۆبایلە زیرەکەکان(Smart Phones) بەکاردەهێنن بۆ پەرەپێدانی هەردوو

لایەنی فێربوون و ڕاهێنان) ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئاشکراکردنی بوار و ڕێژەی خوێندکاران بوو لە کۆلێژ و بەشەکانی ڕاگەیاندن کە ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایلی زیرەک بەکاردەهێنن لە فێربوون یان ڕاهێناندا، چاودێریکردنی گرنگترینی ئەم ئەپڵیکەیشنە و پلاتفۆرمانە، و ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی سوودوەرگرتن لە ئەپڵیکەیشنی مۆبایلە زیرەکەکان و پلاتفۆرمە پەروەردەییەکان لە فێربوون و ڕاهێناندا. ئەم توێژینەوەیە وەسفییە و پشتی بە ڕێبازی ڕاپێوی ڕا بەستووە، لەچوارچێوەی تیۆری یەکگرتووی وەرگرتن و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، سامپڵێکی هەڕەمەکی لە (٤٠٠) خوێندکاری میدیا لە ماوەی وەرزی دووەمی ئەکادیمیدا بۆساڵانی خوێندنی ٢٠٢٠/٢٠١٩ی زایینی، و گەیشتە ژمارەیەک لە ئەنجام لەوانە:

أ. خوێندکاران لە پلەی یەکەمدا ئەپڵیکەیشنی پەیوەندیکردنیان بەکارهێناوە، پاشان کتێبی ئەلیکترۆنی، پاشان ئەپڵیکەیشنی کۆرسەکانی فێربوون، دواتر بەرنامەی فەرهەنگی زمان و وەرگێران، پاشان بەرنامەی وێنەگرتن و دەستکاریکردن و گرافیک و دەستکاریکردنی وێنە و دەق و پرۆسێسکردنی بەرنامەکان، پاشان بەرنامەکانی ڤیدیۆیی.وە مۆنتاژ.

ب. بە ڕێژەیەکی بەرچاو خوێندکارانی زانکۆ ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایلی زیرەك بەکاردەهێنن بۆ بواری پەروەردەیی و ڕاهێنان، ئەویش لەرێگای ئەپڵیکەیشن و پرۆگرامەوە کە یارمەتیدەرن لە تێگەیشتن لە کەرەستەی پەروەردەیی و پەرەپێدانی زانیاری و لێهاتوویە گشتییەکانیان، ئەوان ئامرازی ئاسان بۆ بەکارهێنان دابین دەکەن کە یارمەتی خوێندکاران دەدەن لە تەواوکردنی ئەرکە پەروەردەیی و ڕاهێنانەکانیان، و ناردنی سەرنجەکان، جگە لە پەیوەندی زانستی خوێندکاران لەگەڵ پرۆفیسۆر و هاوکارانیان، لەگەڵ گرنگی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای بەردەست، بەو پێیەی چەندین نەوەی مۆبایلە زیرەکەکان ئەگەری وێنەگرتن، تۆمارکردن، مۆنتاژکردن دابین دەکەن.

٢. توێژینەوەی، محمد جاد المولی حافظ عویس(٢٠١٧)، (تأثير إعلام الموبايل على المشاركة السياسية للشباب في مصر)،(کاریگەری ڕۆژنامەوانی مۆبایل لەسەر بەشداری سیاسی گەنجان لە میسر)، ئامانجی سەرەکی توێژنەوەکە دەستنیشانکردنی کاریگەری ڕۆژنامەوانی مۆبایلە لەسەر بەشداری سیاسی گەنجان لە میسر، توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانە تیایدا میتۆدی ڕووپێو بەکارهاتووە بۆ سامپڵێك لە گەنجانی وڵاتی میسر پشتبەست بە ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی، هەروەها توێژینەوەکە گەیشتوەتە چەند ئەنجامێك لەوانە:

أ- گەنجانی میسر بە پلەی یەکەم تۆڕکۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن بۆ بەشداری سیاسییان، دوای ئەویش ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکان بەراورد بە میدیاکانی دیکە ئەویش لەرووی ڕێژەی بەکارهێنان و گرنگییەوە بۆ گەنجانی میسر.

ب- سامپڵی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم مۆبایلی زیرەك بەکاردەهێنن بۆ بەدواداچوونی هەواڵەکان لە پلەی دووەمیشدا تابلێت بەکاردەهێنن.

ج- گەنجانی میسر تارادەیەکی زۆر حەزیان لە بەدواداچوونی هەواڵەکانی مۆبایل بوو، ئەمەش ڕێژەی بەرزی بەکارهێنانی ڕۆژنامەوانی مۆبایل لە بەدواداچوونی هەواڵی

ڕووداوەکانی ئێستا و پێشهاتەکانیان ڕوون دەکاتەوە.

٣. توێژینەوەی (Umme Ceisil, Ladan Abouali)٢٠١٨، **بەناونیشان( E-Awareness of University Student through Smart Phones and Developing Social Networks)(هۆشیاری ئەلیکترۆنی خوێندکارانی زانکۆ لە ڕێگەی سمارتفۆن و پەرەپێدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان)،**

مۆبایلی زیرەك وایکردووە گەنجان لەرێگایەوە بتوانن سەکۆ ودوانگەی تایبەت بەخۆیان هەبێت ولەرێگایەوە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان بونیادبنێن، ئەم توێژینەوەیە ئەم سێ ڕەهەندەی دەزگای کەسی بە یارمەتی مۆبایل گریمانە دەکات ولەڕۆڵی دروستکردنی هۆشیاری ئەلیکترۆنیدا دەکۆڵێتەوە. بۆ تاقیکردنەوەی ئەم گریمانەیە، توێژینەوەکە پشتی بە ئامرازی ڕاپرسی بەستووە، کە(402)خوێندکاری لە زانکۆ جیاوازەکانی لاهوری وەك سامپڵ وەرگرتووە. ئەنجامەکان دەریدەخەن کە دامەزراوە کەسییەکان بە یارمەتی مۆبایل ڕۆڵ دەگێڕێت لە دروستکردنی هۆشیاری ئەلیکترۆنی لەنێو خوێندکارانی زانکۆکانی لاهور. بەم شێوەیە توێژینەوەکە پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئەم تەکنەلۆژیایە دەتوانێت بەشداریکردنی مەدەنی برەخسێنێت، وە ئاستی هۆشیاریش بەرزبکاتەوە بەتایەب بۆ ئەو کەسانەی زۆرترین جار موبایل بەکاردەهێنن.

**٥/١) سودەکانی توێژینەوەکانی پێشوو:**

١. توێژەر سودی لەتوێژنەوەکانی پێشوو وەرگرتووە بۆ دیاریکردنی بیرۆکەی توێژینەوەکە.

٢. توێژەر لە ئامادەکاری میتۆدنامەی توێژینەوەکەدا سودی لە بەشێکی دیاری توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە.

٣. توێژینەوەکانی پێشوو سەرچاوەی بەکەڵکبوون بۆ توێژەر لە ئاماژەدان بە گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە لە تیۆرینامەدا.

٤. بەشێك لە توێژینەوەکانی پێشوو مایەی سودبەخشین بوون بە توێژەر لە ئامادەکردنی ئامرازی توێژنەوەکەدا.

**٦/١) جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە**

ئەم توێژنەوەیە توێژنەوەیەکی وەسفییە، بەپەیڕەوکردنی میتۆدی ڕووپێو بەشێوازی ڕووپێوی جەماوەر، بەمەبەستی گەیشتن بە وەڵامی پرسیار و ئامانجەکانی توێژنەوەکە.

**٧/١)سنورو بواری توێژینەوەکە**

١. **بواری زانستی:** بواری زانستی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە هەریەك لە مۆبایلی زیرەك و ڕۆشنبیری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا.

٢. **بواری شوێن:** هەر چوارپارێزگاکەی هەرێمی کورستان دەگرێتەوە.

٣. **بواری کات:** کاتی دەستپێکردنی نوسینی نامەی ماستەرەکە تا کاتی تەوابوون لە نوسینی ماستەرنامەکە بەگشتی، ئەو ماوەیەی توێژەر هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە بەتایبەتی، کەلە ماوەی نێوان (لە ١-١٠-٢٠٢٣ – ١٠-١-٢٠٢٤ ).

٤. **بواری مرۆیی:** توێژەر گەنجانی هەرچوار پارێزگاكەی هەرێمی كوردستانی بەشێوەیەكی ناهەڕەمەكی وەك سامپڵی توێژینەوەكە دیاریكردووە.

**٨/١) ئامرازی توێژینەوەكە**

لەم توێژنەوەیەدا توێژەر ئامرازی (فۆڕمی ڕاپرسی) بەكارهێناوە، كە خۆی لە چەند پرسیار و بڕگەیەكدا دەبینێتەوە بە مەبەستی گەیشتن بە وەڵامی سامپڵی توێژینەوەكە پەیوەست بە پرسیار و ئامانجەكانی توێژینەوەكە.

**٩/١) ڕاستی و جێگیری**

١. **ڕاستی:**

توێژەر بۆ ئامرازی توێژینەوەكەی كاری لەسەر ڕاستی ڕواڵەتی كردووە، بەجۆرێك پاش گەلاڵەكردنی فۆڕمی ڕاپرسی بەشێوەیەكی سەرەتایی، فۆڕمەكە خرایە بەردەست ژمارەیەك هەڵسەنگێنەری پسپۆڕ لەبواری ڕاگەیاندندا[١]، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی و تۆماركردنی تێبینییەكان، لەسەر ئەو بنەمایەی كە هاوكێشەی ڕاستی ڕووالەت=بڕگە ڕاستەكان/كۆی بڕگەكان×١٠٠ واتە ڕاستی فۆڕمی ڕاپرسی =٨٢/٦٥×١٠٠= ٧٩،٢٦٪. كە ئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕاستیی ڕواڵەتی ئامرازی توێژینەوەكە.

٢. **جێگیری:**

توێژەر بەبەكارهێنانی هاوكێشەی ئاماری (ئەلفاكرونباخ)كە یەكێكە لە پێوەرە زانستییەكان بۆ پێوانەكردنی ڕاستی جێگیری ئامرازەكانی بەكارهاتوو لە توێژینەوەدا،جێگیری فۆڕمی ڕاپرسی و جێگیری ناوخۆش بۆ پرسیارەكانی فۆڕمی ڕاپرسی بەشێوازێكی ئەلەكترۆنی و بە پرۆگرامی (SPSS) دەرهێناوە كە لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕونكراوەتەوە.

خشتەی(١)

| ژمارەی بڕگەكان | پێوانەی جێگیری |
| --- | --- |
| ٤٩ | ٠,٩٣٣ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی(١) دەردەكەوێت كە جێگیری داتاكانی توێژینەوەكە (٠,٩٣٣) كە ئاماژەیە بۆ پلەی بەرزی پێوانەی جێگیری داتاكانی توێژینەوەكە

**١٠/١) كۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەكە**

گەنجان لە هەرێمی كوردستاندا نماینده‌ی كۆمەڵی توێژینەوەكە دەكات، هەر بۆیە توێژەر لەنێو كۆمەڵی توێژنەوەكەدا سامپڵێكی ناهەڕەمەكی مەبەستداری هەڵبژاردووە و كە خۆی دەبینێتەوە لە ٢٠٠ گەنج كە مۆبایلی زیرەك بەكاردەهێنن،بەشێوەیەكی یەكسان و بۆ هەر پارێزگایەك (٥٠) سامپڵ، بەپێی تایبەتمەندییە دیموگرافییەكانی (ڕەگەز، تەمەن،باری

[١] بڕوانە پاشكۆی ژمارە (٢)لەكۆتایی توێژینەوەكەدا

ئابوری، ئاستی خوێندەواری،پارێزگا).

**١١/١) دیاریکردنی چەمکەکان**

١. **کاریگەری:** مەبەست لە وکاردانەوە و ڕەنگدانەوەیەیە کە ڕەنگە مۆبایلی زیرەك بەشێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر گەنجان لە هەرێمی کوردستاندا دروستی بکات.

٢. **مۆبایلی زیرەك:** دەتوانین بڵێین "سمارتفۆن" لاپتۆپێکی بچوککراوەیە، و خزێنراوەتە ناو مۆبایلەوە، کە سۆفتوێری نیشاندان و تەکنەلۆژیای زیرەکیان تێدایە بۆ بەڕێوەبردنی زانیارییە کەسییەکانمان، هاوکات ئامێرێکە سیستمی بەکارخستنی تێدایە کە ڕێگە بە کارکردنی بەرنامە و تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی کۆمپیوتەر دەدات، وەک: گەڕانی وێب، ئیمەیل، مۆسیقا، وێنە و چەندین بەرنامەی جیاواز.

٣. **گەنجان:** تائێستا پێناسەیەکی گشتگیر نییە بۆ گەنجان، هەربۆیە ئەستەمە بتوانیت پێناسەیەك بۆ ئەو چەمکە دابڕێژیتەوە ئەویش لەبەر ئەوەی هیچ ڕێککەوتنێك نەکراوە لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو ئەویش بەهۆی جیاوازی و فرە ڕەنگی ڕۆشنبیری و ئایدۆلۆجیا لە نێوان زانایان و کۆمەڵگە جیاوازەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند تەمەنێك وەك پێوەر دیاریکراوە بۆ دیاریکردنی تەمەنی گەنجان، لەوانە نەتەوە یەکگرتووەکان بە تەمەنی نێوان (١٤ بۆ ٢٥)ساڵ دیاریکردووە، توێژەر لە ڕوانگەی خۆیەوە ئەو چەمکە دەناسێنێت بەوەی:

قۆناغێکە لە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ، کە بەکۆمەڵێك خەسڵەت وتایبەتمەندی بایەلۆجی ودەروونی وکۆمەڵایەتی جیاواز دەناسرێتەوە، وبەپێی کۆمەڵگە جیاوازەکان دەگۆرێت.

٤. **ڕۆشنبیری سیاسی:** ڕۆشنبیریی سیاسی بەشێکە لە ڕۆشنبیریی گشتیی کۆمەڵگە و یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییەکانی کار و چالاکیی سیاسی و پێوەرێکە بۆ پێگەیاندنی سیاسی و، کاریگەریی لەسەر پلەی بەشداریی سیاسیی هاووڵاتیان لە دەوڵەت و کۆمەڵ و پارت و ڕێکخراو و یەکە جۆربەجۆرەکاندا دەبێ.

٥. **هەرێمی کوردستان:** یەکەیەکی سیاسی جوگرافیە لە دەوڵەتی عێراقدا و زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن،بەپێی سیستەمی فیدراڵی، پێگەی لەنێوان دەوڵەت و پارێزگادایە کە بەدەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، دەسەڵاتەکانی ڕێکخراوە و لەچوار پارێزگا(سلێمانی، هەولێر، دهۆك، هەڵەبجە)پێکهاتووە.

# بەشی دووەم

# تیۆرینامەی توێژینەوەکە

### ١/٢) مۆبایلی زیرەك (smartphones).

### ١-١/٢) ناساندن و پێناسەی مۆبایلی زیرەك

چەند ناوێك لە مۆبایل نراوە وەك: مۆبایلی هەڵگیراو، مۆبایلی شانەیی، مۆبایلی گەڕۆك یان مۆبایلی جوڵاو، یاخود مۆبایلی زیرەك، واتە ئەو مۆبایلانەی بە سیستەمی کارپێکردنی: iOS, Windos Android، کاردەکەن کە بەکارهێنەران دەتوانن ئینتەرنێت و ئیمەیڵ و بەرنامەکان، خزمەتگوزاری تەلەفۆنی وەك پەیوەندیی و SMS، کامێرا بەکاربهێنن (علی، ٢٠٢١، ٤٣٥).

بەپێی فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدیای تە کنەلۆژیی و زانیاری و ئینتەرنێت، مۆبایلێکی گەڕۆکە توانیایەکی جیاوازی هەیە و لەڕێگەیەوە چەند خزمەتگوزارییەك پێشکەشدەکات، وەك تەماشاکردنی پێگەکانی ئینتەرنێت و خزمەتگوزاری ئیمەیڵی ئەلکترۆنی و خوێندنەوە و بەدەستهێنان و دابەزاندنی بەڵگەنامە ئەلکترۆنییەکانی وەك: فیلی وۆرد(WORD)و پیدیئێف(PDF)، هەروەها وەك ئامێرێکی وێنەگرتن و ئامێری تۆمارکردنی دەنگ کاردەکات، توانای تۆمارکردنی گرتەی ڤیدیۆیی، پەڕاوی بەبیرهێنانەوەی کار. (الموشی، ٢٠١٨، ١٤٨).

توێژەر بەوردبونەوە لەپێناسەکانی سەرەوە مۆبایلی زیرەك پێناسە دەکات بە: لاپتۆپێکی بچوککراوەیە، و خزێنراوەتە ناو مۆبایلەوە، کە سۆفتوێری نیشاندان و تەکنەلۆژیای زیرەکیان تێدایە بۆ بەڕێوەبردنی زانیارییە کەسییەکانمان، هاوکات ئامێرێکە سیستەمی بەکارخستنی تێدایە کە ڕێگە بە کارکردنی بەرنامە و تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی کۆمپیوتەر دەدات، وەک: گەڕانی وێب، ئیمەیل، مۆسیقا، وێنە و چەندین بەرنامەی جیاواز.

### ٢-١/٢) سەرەتاییەکی مێژووی بۆ مۆبایلی زیرەك و قۆناغەکانی گەشەکردنی

مۆبایلە زیرەکەکان لە ساڵی ١٩٩٢ دەرکەوتن، ئەویش دوای ڕاگەیاندنی مۆبایلی (سیمۆن)لەلایەن کۆمپانیایIBM ەوە جگە لە وەرگرتنی پەیوەندی، چەندین ڕۆڵی هەبووە، وەک دانانی خشتەکان، چوارچێوەی کات، کاتی جیهانی، کتێبی ناونیشان، ئیمەیڵ و ...هتد. پاشان دوای دروستکردنی چەند جۆرێکی دیکەی مۆبایل زیرەك، وردە وردە ئەو موبایلانە دەستیان کردووە بە جێگرتنەوەی مۆبایلە تەقلیدییەکان کە ڕۆڵەکانیان سنووردارکرابوو، لە چوارچێوەی گواستنەوەی دەنگ وکورتەنامە وهەندێک خزمەتگوزاری سادده (الجزیرة، ٢٠٢٣)

بۆیەکەمجار ساڵی ١٩٩٧،ناوی سمارتفۆن هێنرا، تاکو ساڵی ٢٠٠١، مۆبایلی نۆکیای ٩٢١٠ دروستکرا، ساڵی ٢٠٠٨ ئەپل، بازاڕی ئەپڵیکەیشنەکان(APPSTORE)ی بۆ ئایفۆن زیادکرد، لەدوای ساڵی ٢٠٠٨ پشەوە خواست لەسەر ئایفۆن زیادبوو ئەمەش وایکرد، کۆمپانیای گۆگڵ بە هاوبەشی لەگەڵ "هاوپەیمانی تەلەفۆن"(Handset Alliance) سیستەمی ئەندرۆیدیان دامەزراند، ئەویش بۆ ڕکابەریکردنی سیستەمی(IOS)ی ئەپل و مایکرۆسۆفت و نوکیا، وە

سیستمی ئەندرۆید چەند خزمەتگوزارییەکی پێشکەوتووی گۆگل لەخۆدەگرێت لەوانە (GOOGLE MAP ،Gmail ،Google chrome) (أميرة، ٢٠١٩، ٢٥)

**٣-١/٢) تایبەتمەندییەکانی مۆبایلی زیرەك**

١. ڕێگە بە بەکارهێنەر دەدات بە ئاسانی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا ببەستێت، هەرچی بویێت لە ڕێگەی خزمەتگوزاری پەیوەندییەوە لەگەڵیاندا هاوبەشی پێبکات.

٢. هەروەها توانای هاوبەشکردنی شاشەکەی لەگەڵ شاشەی گەورەتر وەک تەلەفزیۆنی ڕوونی بەرز، لاپتۆپ وداتاشۆ، هەیە، بە توانای ئاڵوگۆڕی فایل لە نێوان خۆی وکۆمپیوتەری کەسی وهاوکاتکردنی لە نێوانیان.

٣. پاڵپشتی زۆرێک لە تواناکانی پەیوەندی بێ وایەر دەکات، وەکو وای فای کە بەکارهێنەر دەتوانێت بگەڕێت بەنێو ئینتەرنێتدا، هەردوو خزمەتگوزاری (share it) (Bluetooth) کە ڕێگەی پێدەدات پەیوەندی لەگەڵ مۆبایلەکانی تردا ببەستێت وهاوبەشی فایلەکانیان بکات ئەمە جیا لە سیستەمی دیاریکردنی خاڵی جوگرافی (GPS). (اسامة فدسي، ٢٠١٨، ٤٩)

٤. بەهۆی بوونی تایبەتمەندی وایەرلێسەوە، بەهیچ جۆرە وایەرێکەوە نەبەستراوەتەوە بەئاسانی بەکاردەهێنرێت وهەڵدەگیرێت.

٥. موبایلە زیرەکان تایبەتمەندی پیشەییان هەیە وبووەتە هۆکاری سەرەکی ژیانی ڕۆژانە وناتوانرێت وازی لێبهێنرێت، بەکارهێنەر ڕۆژانە چالاکی: (پەیوەندیکردنی تەلەفۆنی بینرا وبیستراو، وەرگرتن وناردنی ئیمەیڵی ئەلیکترۆنی، خزمەتگوزاری کورتەنامە) ئەنجام دەدەن. (ڕەسوڵ، ٢٠٢٢، ٣٠)

٦. توانای پیشاندان وخستنەرووی فایلە دەنگییەکان ودەقی نوسین، کتێب خوێندنەوەی هەیە.

**٤-١/٢) بایەخە پراکتییەکانی مۆبایلی زیرەك**

١. **پەیوەندی تەلەفۆنی:** کاری سەرەکی مۆبایلە زیرەکان ئەوەیە کە بەردەوام پەیوەندی تەلەفۆنی هاتوو ڕۆشتوو بەردەست دەخەن، هەروەك چۆن مۆبایلە زیرەکان، ئامێرێکی گوێزەرەوەی دەنگ (Speakers)یان لەسەر جێگیرکراوە بۆگواستنەوەی دەنگی بەرامبەر،هەروەها بەکارهێنەران دەتوانن چێژ لە خزمەتگوزاری بەجێهێشتنی پەیام وەرگرن کاتێک وەڵامی پەیوەندیەکان نادرێتەوە، مۆبایلەکە بە یەکێک لەو ئامێرانە دادەنرێت کە پرۆسەی پەیوەندی و پەیوەندی خێرا لە نێوان مرۆڤەکان لە سەرانسەری جیهان باشتر دەکات. ئەمەش لە ڕێگەی ئەو خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرانەی کە ئەم ئامێرانە پێشکەشی دەکەن، وەک: پەیوەندی دەنگی، پەیوەندی ڤیدیۆیی، یان کورتەنامە (مروان، ٢٠٢٣)

٢. **تۆمارکردنی ڤیدیۆ و وێنە:** بەو پێیەی مۆبایلە زیرەکان کامێرایەکی دیجیتاڵی کوالێتی

بەرزیان لەسەر جێگیرکراوە هەربۆیە یارمەتی بەکارهێنەران دەدات وێنەی دیجیتاڵی کوالێتی بەرزبگرن، دواتر لەڕێگای خزمەتگوزاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەو وێنانە بڵاوبکەنەوە وهاوبەشی پێبکەن لەگەڵ هاوڕێکانیان..

٣. **ناردنی نامە و تێکست:** یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی مۆبایلی زیرەك نوسین وناردنی نامە SMS، و بەپێچەوانەشەوە، ئەویش لەڕێگای تەختەکلیك (Keyboard)یکەوە کەلەکاتی پێویستدا دێتە سەر روکاری مۆبایلەکە و هاوشێوەی کیبۆردی کۆمپیوتەر دیزاینکراوە بەجۆرێك پیتەکانی زۆرێك لە زمانە جیهانییەکانی تێدایە، لەوانەش تەختەکلیکی کوردی بۆ تەواوی جۆرەکانی مۆبایل بەردەستە، کەئەوەش جیایان دەکاتەوە لە تەختەکلیکی مۆبایلەکانی پێشوو.

٤. **پەیوەستبوون لەگەڵ تۆڕەکانی ئینتەرنێت:** یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی سمارتفۆن بەستنەوەیەتی لەگەڵ تۆڕەکانی ئینتەرنێت، کە لە ڕێگای سۆفتوێری وێبگەرەکانی ئینتەرنێت لەگەڵ ئەو تۆڕە گرێدەدرێت کە ئەم پرۆسەیە لەڕێگەی وەرگرتنی تۆڕی Wi-Fi یان هێڵی وایەرەوە وابەستە دەبێت، ئەمە جگە لەوەی کە تاك دەتوانێت لەڕێگای تۆڕەکانی وێبەوە هەموو جیهان بگەڕێت.

**٢/٢)ڕۆشنبیری سیاسی (Political Cultures)**

**٢/٢-١)بیرۆکە و پێناسەی ڕۆشنبیری سیاسی**

زانای سیاسی(لۆشیان بای) پێی وایە "ڕۆشنبیری سیاسی بریتییە لەکۆمەڵێك ئاڕاستە و بیروباوەڕ وهەست و سۆز کە سیستم و واتایەك دەدات بە پرۆسەی سیاسی، هەروەها چەند پرەنسیپێکی جێگیرە و کۆنترۆڵی ڕەفتاری تاکەکان دەکات لە نێو سیستمی سیاسیدا". (فوزی نورالدین، ٢٠١٨، ٣٥٢)

دۆناڵد دیفین وایی دەبینێت "ڕۆشنبیری سیاسی تەواوی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە نییە بەڵکوو لایەنی سیاسیە لە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگە" (الحاج، ٢٠٢٠، ١٨).

ڕۆشنبیریی سیاسی، دەرفەت بە هەر تاکێک دەدات کە پێگە و سەنگی خۆی لە بواری سیاسیدا دیاری بکات. (سەروەر، ٢٠١٣، ٢٨)

کەواتە لێرەوە دەکرێت بڵێین" ڕۆشنبیری سیاسی واتە ئەو ڕێ و ڕێبازانەی کە پەیوەندی نێوان تاك و سیستەمی سیاسی لەکۆمەڵگا ڕێکدەخات، ئاست و پلەبەندی ڕۆشنبیری سیاسیش لەتاکێکەوە بۆ تاکێکی دیکە دەگۆڕێت و پەیوەستە بە وەی تا چەند ئەو تاکە هەست و سۆز و بیرکردنەوەکانی لەگەڵ سیستەمی حکومڕانی لەو کۆمەڵگەیە یەکدەگرێتەوە، ئاستی ڕۆشنبیری سیاسی گشتیش لەکۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە بە پێی ئاستی کرانەوەیان بەڕووی بەها دیموکراسییەکاندا دەگۆڕێت،بەجۆرێك لەو کۆمەڵگایەی پاراستنی بەها دیموکراسییەکان لەئاستێکی باڵادایەو سیستەمی فرەیی و پێدانی ماف بە تەواوی پێکهاتە جیاوازەکان "سەنگی مەحکە"ئەوا بێگومان ئاستی ڕۆشنبیری و کرانەوەی سیاسییان بەرزترە بەراورد بەو کۆمەڵگایانەی یەك پێکهاتەو سیستەمی دەوڵەت-نەتەوە پەسەند دەکەن.

**۲/۲-۲)جۆرەكانی ڕۆشنبیری سیاسی**

أ- **ڕۆشنبیری سیاسی لۆكاڵی:** ئەم جۆرە لە ڕۆشنبیری سیاسیدا زیاتر لە كۆمەڵە سادەكاندا دەبینرێت كە بە قووڵی لە بارودۆخی سیاسی و دەسەڵات و سیستمی سیاسی و ئەرك و مافەكانیان تێنەگەیشتوون، لێرەدا تاك ڕۆڵێكی سادە و نا شارەزای هەیە لە بارودۆخی سیاسی و زانیارییەكی بەرتەسك دەزانێت لەسەر ژینگە سیاسییەكەی. (سالم،۲۰۱۱، ۷۰)

ب- **ڕۆشنبیری سیاسی ملكەچ:** بریتییە لەو ڕۆشنبیرییەی كە تاك خوێندنەوەیەكی گشتی بۆ سیستمە سیاسییەكە هەیە ولایەنگر بن، یان دژ، هیچ كاریگەرییەكی لەسەر بڕیارەكان دروستناكات وزۆرجار نەرێنین، چونكە وایدەبینن كە كاریگەریان بۆسەر بڕیارەكانی سیستمی سیاسی نییە وناتوانن هیچ بگۆڕن، لێرەدا ڕۆڵی تاك لە پرۆسەی سیاسیدا لاوازە وكاریگەری لەسەر سیستمی سیاسی دانانێت. (الفالحي، ۲۰۱۳، ۲۱۸)

ج- **ڕۆشنبیری سیاسی بەشدار:** لێرەدا تاك ئەرك و مافی خۆی دەزانێت و ڕۆڵ و زانیاری لەسەر سیستمی سیاسی و تەواوی ئینپووت و ئاوتپووتەكەی هەیە، هەروەها توانای كاریگەری لەسەر بڕیار و ژینگەی سیاسی و پرۆسەی سیاسی هەیە، ئەم هەستكردن بەبەرپرسیارێتییە هەستكردنێكی ئەرێنییە بەرانبەر كۆی سیستمە سیاسیی و پێكهاتەكەی و هەڵسەنگاندنی بۆی هەیە، لێرەدا تاك دەتوانێت سیستمەكە قبوڵبكات، یان ڕەتیبكاتەوە (الطیب،۲۰۰۷، ۱۸٦)

**۲/۲-۳) پێكهاتەكانی ڕۆشنبیریی سیاسی**

أ. **سەرچاوە:** ئەمە چوارچێوەی فكری-فەلسەفی، یان سەرچاوەی سەرەكی بۆ كاری سیاسی لەخۆ دەگرێت؛ چونكە ئەم پێكهێنەرە مێژوو تەفسیر دەكات و ئامانج و تێڕوانینەكانی دیاری دەكات و، پاساو بۆ هەڵوێست و ڕفتارەكان دێنێتەوە، ورەوایەتیش دەبەخشێتە سیستەمەكە.

ب. **ئاراستە بەرەو كاری گشتی:** ڕووكردنە كاری گشتی و، هەستكردن بە بەرپرسیارێتیی كۆمەڵایەتی بەرامبەر كێشەكانی كۆمەڵگە، یەكێكە لە گرنگترین پێكهاتەكانی ڕۆشنبیریی سیاسی، چونكە ئەم هەستكردنە پاڵ بە هاوولاتییەوە دەنێت بەرەو مامەڵەكردنێكی ئەرێنی لەگەڵ كێشە وبابەتەكاندا. (سەروەر، ۲۰۱۳، ۳۷).

ج. **ئاراستە بەرەو سیستەمی سیاسی:** ڕووكردنە سیستەمی سیاسی و، باوەڕبوون بە پێویستیی لایەنگری بۆی و، هۆگربوونی پێیەوەی، لە پێویستییەكانی هەستكردنە بە هاونیشتیمانیبوون و، ئەو ماف وئەركانەی كەلێی دەكەونەوە؛ چونكە هەر ڕۆشنبیرییەكی سیاسی، پێویستە بازنەیەكی گشتی بۆ كاری سیاسی دیاری بكات وسنووری نێوان ژیانی گشتی وژیانی تایبەتی دەستنیشان بكات.

د. **هەستكردن بە ناسنامە:** هەستی تاكە بۆ لایەنگریی سیستەمی سیاسی، كە یارمەتی دەدات بۆ شەرعییەتدان بەم سیستەمە؛ هەروەك یارمەتیشی دەدات بۆ مانەوەی وپلاندانان بۆی لە كاتی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەكان. (الحیاري، ۲۰۱٦)

### ٢/٢-٤) میکانیزمەکانی ڕۆشنبیری سیاسی

١. **خێزان**: خێزان وەک ناوەندێك کە تێیدا تاکەکان ئەزموون وەردەگرن لەبارەی ئەو پرسانەی لە دەوروبەریان ڕوودەدەن هەروەك چۆن لەسەر بنەمای ئەو ژیانە ئاڕاستەی ڕەفتار وبیرکردنەوەی سیاسییان ڕیکدەخەن، هەروەها دەتوانێت کاریگەری لەسەر شێوازی بیرکردنەوەمان لە سیاسەت لەگەڵ گەورەبوونمان هەبێت. (طربية، ٢٠٠٧، ٣١٦)

٢. **قوتابخانە**: سەرچاوەیەکی تری ڕۆشنبیری سیاسییە و ڕۆڵی هەیە لە بوونیاتنانی کەسایەتی منداڵ و بە جۆرێك وای لێدەکات ببێت بە کەسێکی بەشداربووی چالاك لە کۆمەڵەکەیدا، ئەمەش لە ڕێگای گواستنەوەی ئەو بەها سیاسیانەی کە پەروەردە لە بەرنامە و مەنهەجەکانیدا دەیخاتەڕوو. ڕۆشنبیری سیاسی لەقوتابخانە زیاتر بێ لایەنی پێوەدیارە بەراورد بەو ڕۆشنبیرییەی تاك لە **خێزاندا** وەریدەگرێت (جمیلی، ٢٠٠٨، ٧٣)

٣. **زانکۆ**: زانکۆ بە گوێرەی پێگە وئەرك وتوانا مرۆیی ومادییەکانی وئەو ڕۆڵەی لە پێکهێنانی ڕۆشنبیری سیاسیدا دەینوێنێت بە تایبەتی لای گەنجان وڕەفتاری سیاسیان لەسەر بوونیات دەنێن، زانکۆکان کە زۆرینەی توانا مرۆییەکانی لە توێژی گەنجانن وزۆر زیاتر ئارەزووی بەشداری سیاسی دەکەن، بۆیە بەردەوام ڕێکخراوە سیاسییەکان زۆر بە گرنگەوە دەڕواننە گەنجانی زانکۆ وهەوڵی ئەوە دەدەن بیانخزێننە ڕیزەکانیانەوە. (الصقور، ٢٠٠٢، ٦٤)

٤. **ئایین**: ڕۆڵێکی گەورە لە ژیانی خەڵکدا دەبینێت بە تایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، دامەزراوە ئایینییەکان ڕۆڵێکی دیار لە پرۆسەی ڕۆشنبیری سیاسیدا دەبینن، ئەمەش لە ڕێگای بڵاوکراوە وکۆبوونەوە وبۆنە ئایینییەکان (فواد، ٢٠٢٠، ٤).

### ٣/٣) گەنجان (Youths)

### ٣/٣-١) ناساندن تایبەتمەندییەکانی گەنجان

گەنجان شادەماری کۆمەڵگان و کۆڵەکەی سەرەکی گەشەپێدان و بەرەوپێشچوونی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەن. هەرچەندە تائێستا پێناسەیەکی گشتگیری نێودەوڵەتی بۆ توێژی گەنجان نییە، بەڵام نەتەوەیەکگرتووەکان بەمەبەستی ئامار پێناسەی گەنجان دەکات بە هەموو ئەوکەسانەی کە تەمەنیان لەنێوان (١٥-٢٤)ساڵیدایە بەهەردوو ڕەگەزەوە، هەندێ پێناسەی دیکەش هەیە، کەتەمەنی گەنجان تا ٢٩ ساڵی ئەژماردەکرێن،

فرێد میلسون گەنجێتی بەوە دەناسێنێت کە "قۆناغێکە لە قۆناغەکانی تەمەن،کە لەنێوان قۆناغی منداڵی و پیریدایە، لەڕووی بایەلۆجییەوە جیادەکرێتەوە بۆوەی قۆناغی دروستبوونی جەستە و پێگەیشتنە لەڕووی عەقڵەوە، لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە بەو قۆناغە دەناسرێن کە ئایندەی ئەو کەسە لەڕووی پیشە و پێگەی لەنێو خێزان ڕوون دەبێتەوە" (لولي،٢٠١٦، ٥٤)، لە تایبەتمەندییەکانی ئەم توێژە، ووزەیەکی مرۆیی بەهێزی پڕ گروتینی هەیە، لەگەڵ ئارەزووی خۆدەرخستن و گەڕان بەدوای زانیندا. هەروەها گەنجی قۆناغێکی گرنگی ژیانە، ئەم قۆناغە بە قۆناغی بونیادنانی کەسایەتی ئابووری وسیاسی و کۆمەڵایەتی دەناسرێت. قۆناغی پلاندانانە بۆ

داهاتوو، لەو ژینگە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەی تێدا دەژین. (یونس، ٢٠٢٣)، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین چەند تایبەتمەندییەك لەبارەی ئەم قۆناغە بخەینەڕوو:

**أ. گەنج سەرچاوەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتییە**

گەنجان بەردەوام بەدوای نوێگەریدا دەگەڕێن، توێژێکن زۆرترین بەرکەوتنیان هەیە لەگەڵ گۆڕانکاری پێشکەوتنەکان، لەگەڵ بەرهەمە تەکنەلۆجییەکان خۆ دەگونجێنن، هەروەها ئامادەییەکی گەورەیان هەیە بۆ داهێنان.

**ب. گەنجی قۆناغێکە بۆ دیاریکردنی ئایندە**

ئاییندە ئەو ئومێدەیە کە گەنجان چاوەڕێی دەکەن و بەو پێیەی سیماکانیان لە ئێستادا دیاری دەکرێت، هەربۆیە بەپێویستی دەزانن بەشداری لە بنیاتنانیدا بکەن.

**ج. توێژێکن زۆرترین کرانەوەیان هەیە بەڕووی** جیهاندا

ئەوەی ئەم تایبەتمەندییە ڕوون دەکاتەوە، توانای گەنجانە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئامرازە مۆدێرنەکانی پەیوەندیکردن. (علي، ٢٠٠٤، ١٨٢)

**٣/٣-٢)ڕێژەی گەنجان و بەکارهێنانی موبایلی زیرەك**

بەپێی ئامارێکی ماڵپەڕی فەرمی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەجیهاندا زیاتر لە (١,٢) ملیار کوڕ و کچی گەنج بوونیان هەیە، کە تەمەنیان لەنێوان (١٥-٢٤) ساڵدا دەبن، کە ڕێژەی ١٦٪ ی کۆی دانیشتوانی جیهان پێکدەهێنن، وا چاوەڕوان دەکرێت بە گەیشتن بە ساڵی ٢٠٣٠، بەرێژەی ٧٪ ڕێژەکە بەرزببێتەوە بۆ ١,٣ ملیار کوڕ و کچی گەنج.(UN, 2024).

**گەنجانی هەرێم**

گەنجانی تەمەن ١٥-٢٩ ساڵ ڕێژەی ٢٨٪ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان پیکدەهێنن و ئەمەش ١ملیۆن و ٧٢٧ هەزار و ٩٠٣کەس دەکات. ئەمە بێجگە لەوەی کە ٣٥٪ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە خوار تەمەنی ١٥ ساڵییەوەن کە ٢ ملیۆن و ١٥٩هەزار و ٨٧٩ کەس دەکات.( یونس **٢٠٢٣).**

**بەپێی** ئامارێکی ماڵپەڕی (www.datareportal.com )، ڕێژەی دانیشتوانی عێراق بە هەرێمی کوردستانەوە لە کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٤دا، (٤٦,١)ملیۆن کەس بووە، لەو ریژەیە ٤٩,٩٪ ڕەگەزی (مێ)، و ٥٠,١٪ لە ڕەگەزی (نێر)، تێکرای تەمەنی دانیشتوانی عێراق ٢٠.٤ ساڵە، بەم پێیەش زۆرینەی دانیشتوانەکەی گەنجن.

هەر بەپێی ئامارەکانی ئەو ماڵپەڕە لەسەرەتای ٢٠٢٤ دا، (٤٦) ملیۆن کەس لە عێراقدا مۆبایلیان بەکارهێناوە کە بە نزیکەیی دەکاتە ڕێژەی(١٠٠٪)ی کۆی دانیشتوانی وڵات.

## بەشی سێهەم

## پراکتیکنامەی توێژینەوەکە

توێژەر لەم باسەدا ئەنجامی پراکتیکی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو،کە پێکدێت لە ئامرازە ئامارییە و بیرکارییە بەکارهاتووەکان و ئاماژەدان بە **لەتوێژینەوەکەدا** و ئاماژەدان بە تایبەتمەندییە دیموگرافییەکانی سامپڵی توێژنەوەکە، هەروەها خستنەڕووی هەریەك لە وەڵامی سامپڵی توێژنەوەکە سەبارەت بە پرسیارەکانی پەیوەست بە بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك و بۆچوونی گەنجان لەبارەی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك و کاریگەری لەسەر ڕۆشنبیری سیاسییان.

**خشتەی (٢)**

**تایبەتمەندییە دیموگرافییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە**

| تایبەتمەندی دیموگرافی | بڕگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | ١٢٧ | ٦٣,٥ | ١ |
| | مێ | ٧٣ | ٣٦,٥ | ٢ |
| | **کۆی گشتی** | **٢٠٠** | **١٠٠** | |
| ئاستی خوێندەواری | بنەڕەتی | ١٦ | ٨,٠ | ٤ |
| | ئامادەیی | ٣١ | ١٥,٥ | ٣ |
| | دبلۆم | ٦٧ | ٣٣,٥ | ٢ |
| | بەکالۆریۆس | ٧٤ | ٣٧,٠ | ١ |
| | ماستەر | ٩ | ٤,٥ | ٥ |
| | دکتۆرا | ٣ | ١,٥ | ٦ |
| | **کۆی گشتی** | **٢٠٠** | **١٠٠** | |
| تەمەن | کەمتر لە ٢٠ ساڵ | ١٨ | ٩,٠ | ٤ |
| | لە ٢٠ بۆ ٢٥ ساڵ | ١٦ | ٨,٠ | ٥ |
| | لە ٢٦ بۆ ٣١ ساڵ | ٦٨ | ٣٤,٠ | ٢ |
| | لە ٣٢ بۆ ٣٧ ساڵ | ٦٩ | ٣٤,٠ | ١ |
| | لە ٣٧ ساڵ وزیاتر | ٢٩ | ١٤,٥ | ٣ |
| | **کۆی گشتی** | **٢٠٠** | **١٠٠** | |
| داهاتی مانگانە | کەمتر لە ٢٥٠ هەزار دینار | ١١ | ٥,٥ | ٤ |
| | لە ٢٥٠ بۆ ٥٠٠ هەزار | ٥٣ | ٢٦.٥ | ٣ |
| | لە ٥٠٠ بۆ ٧٥٠ هەزار | ٨١ | ٤٠.٥ | ١ |
| | زیاتر لە ٧٥٠ هەزار دینار | ٥٥ | ٢٧.٥ | ٢ |
| | **کۆی گشتی** | **٢٠٠** | **١٠٠** | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی(٢)دەردەکەوێت" کە تایبەتمەندییە دیموگرافییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە، لەڕەگەزدا(نێر) و لەئاستی خوێندەواری (بەکالۆریۆس) و لە ئاستی تەمەندا (لە ٣٢ بۆ ٣٧ ساڵ) و لە داهاتی مانگانەدا (لە ٥٠٠ بۆ ٧٥٠ هەزار) لە پلەی یەکەم دێن و زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، لە پارێزگاشدا سامپڵی توێژینەوەکان بە یەکسانی دابەشبوون، کە بۆ هەر پارێزگایەك (٥٠) گەنج وەرگیراوە.

**خشتەی (٣)**

**ئاستی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك**

| بڕگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەردەوام | ١٦٤ | ٨٢,٠ | ١ |
| هەندێکجار | ٣٢ | ١٦,٠ | ٢ |
| بەدەگمەن | ٤ | ٢,٠ | ٣ |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٠** | **١٠٠** | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٣) دەردەکەوێت کە زۆرینەی گەنجانی هەرێمی کوردستان بەردەوام مۆبایلی زیرەك بەکاردەهێنن، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی گەنجان لەگەڵ مۆبایلی زیرەك پەیوەستبونێکی باشیان هەیە، کە بە یەکێك لە ئامێرە زیرەکەکان دادەنرێت و لەهەرێمی کوردستان زۆرترین بەکارهێنەریان هەیە، لەکاتێکدا بەپێی ئامارێکی ماڵپەڕی www.datareportal.com )، لەگەڵ چونە ناو ساڵی ٢٠٢٤، (٤٦)ملیۆن کەس لە عێراقدا مۆبایلیان بەکارهێناوە کە بە نزیکەیی دەکاتە ڕێژەی(١٠٠٪)ی کۆی دانیشتوانی وڵات کە بەپێی ئامارەکە دانیشتوانی عێراق لە کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٤دا، (٤٦,١)ملیۆن کەس بووە بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

**خشتەی (٤)**

**مێژووی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك**

| بڕگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| ١ساڵ بۆ ٣ ساڵ | ٥ | ٢,٥ | ٣ |
| ٤ ساڵ بۆ ٦ ساڵ | ٨٥ | ٤٢,٥ | ٢ |
| ٧ ساڵ و زیاتر | ١١٠ | ٥٥,٠ | ١ |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٠** | **١٠٠** | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٤) دەردەکەوێت، گەنجان بەپلەی یەکەم (٧ ساڵ و زیاتر)ە، مۆبایلی

زیرەك بەكاردەهێنن، ئەمەش ئاماژەیەكە بۆ ئەوەی گەنجان لەگەڵ پێشكەوتنی ئامێرە تەكنەلۆجییەكان دەست و پەنجەیان نەرمكردووە كە مۆبایلی زیرەكیش یەكێكە لەو ئامێرانەی لەماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا لەسەر ئاستی جیهان بەشێوەیەكی بەرفراوان پێشكەوتنیان بەخۆیانەوە دیووە.

**خشتەی (٥)**

**كاتژمێری ڕۆژانەی بەكارهێنانی مۆبایلی زیرەك**

| بڕگەكان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| كەمتر لە ١ كاتژمێر | ٢ | ١،٠ | ٤ |
| ١ تا ٢ كاتژمێر | ١١ | ٥،٥ | ٣ |
| ٣ بۆ ٤ كاتژمێر | ٨١ | ٤٠،٥ | ٢ |
| ٥ كاتژمێر و زیاتر | ١٠٦ | ٥٣،٠ | ١ |
| **كۆی گشتی** | **٢٠٠** | **١٠٠** | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٥) دەردەكەوێت گەنجان بە پلەی یەكەم ڕۆژانە (٥ كاتژمێر و زیاتر) مۆبایلی زیرەك بەكاردەهێنن، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، گەنجان زیاتر كاتەكانیان لەگەڵ مۆبایلی زیرەك بەسەردەبەن، یاخود دەتوانین بڵێن گەنجان لە هەرێمی كوردستان زیادەڕەوی دەكەن لەبەكارهێنانی مۆبایل.

**خشتەی (٦)**

**سیستمەكانی بەكارهێنانی مۆبایلی زیرەك**

| بڕگەكان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| ئای ئۆ ئێس | ١٠٠ | ٥٠،٠ | ١ |
| ئەندرۆید | ٥٧ | ٢٨،٥ | ٢ |
| هەردوكیان | ٤٣ | ٢١،٥ | ٣ |
| **كۆی گشتی** | **٢٠٠** | **١٠٠** | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی(٦) دەردەكەوێت، بەپلەی یەكەم گەنجان زیاتر پشت بە سیستەمی (ئای ئۆ ئێس) دەبەستن كە لە سەر مۆبایلی ئایفۆن پەیوەستكراوە، ئەمەش ڕەنگە پەیوەندی بەوەوە هەبێت، كە گەنجان گرنگی بەسكیورتی مۆبایلەكانیان بدەن ئەویش لەپێناو پاراستنی و پارێزگاری زیاتر لە داتا و ئەكاونتەكانیان، ئەویش بەو پێیەی پسپۆڕانی ئامێر و سیستەمە ئەلكترۆنییەكان ئاماژە بەوەدەكەن لەڕووی سكیورتییەوە ئەم سیستەمە گرنگی زیاتر

بەپارێزگاری لە داتا و زانیارییەکان ئەدات بەراورد بە سیستەمی ئەندرۆید.

**خشتەی(٧)**

**گرنگیدانی سامپڵی توێژینەوەکە بەئەپ و پرۆگرامەکانی مۆبایلی زیرەك**

| بڕگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| ئەپەکانی پلاتفۆرمی تۆڕی کۆمەڵایەتی و تۆڕە زیرەکەکان | ٢٥ | ١٢,٥ | ٣ |
| گوگڵ | ١٨ | ٩,٠ | ٤ |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | ٩٠ | ٤٥,٠ | ١ |
| ئەپەکانی چاتکردن و پەیوەندیکردن | ٦٧ | ٣٣,٥ | ٢ |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٠** | **١٠٠** | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٧) دەردەکەوێت گەنجان لە هەرێمی کوردستان بە پلەی یەکەم زیاتر گرنگی بە (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) دەدەن، لەرێگای مۆبایلی زیرەکەوە کە ئەمەش دەرخەری ئەوەیە گەنجان خواستی زانینی هەموو شتێکی تازەیان هەیە.

بەپلەی دووەم گەنجان (ئەپەکانی چاتکردن و پەیوەندیکردن) بەکاردەهێنن لەرێگای مۆبایلی زیرەکەوە، ئەمەش دەرەخەری ئەوەیە گەنجان لە دوای گەڕان بەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پرۆگرامەکانی چاتکردن و پەیوەندیکردن بەکاردەهێنن.

پاشان بەپلەی سێهەمیش (ئەپەکانی پلاتفۆرمی تۆڕی کۆمەڵایەتی و تۆڕە زیرەکەکان) بەکاردەهێنن کە (تیکتۆك و سناپ چات) لەو بوارەدا زۆرترین بەکارهێنەریان هەیە لە جیهاندا.

ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەپڵیکەیشنی(گۆگڵ)کە خۆی بڕاوسێکە تایبەتە بە گەڕان بەدوای زانیاری ڕۆشنبیری سیاسی، لەپلەی (٤)م و کۆتاییدایە.

**خشتەی(٨)**

**خوێندنەوەی بابەتە سیاسییەکانی سەر مۆبایلی زیرەك لەلایەن گەنجان لەهەرێمی کوردستاندا**

| بڕگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ١٢٦ | ٦٣,٠ | ١ |
| نەخێر | ٧٤ | ٣٧,٠ | ٢ |
| **کۆی گشتی** | **٢٠٠** | **١٠٠** | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٨) دەردەکەوێت سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم و بە ڕێژەی (٦٣٪) مۆبایلی زیرەك بەکاردەهێنن بۆ بابەتە سیاسییەکان، وە ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە مۆبایلی زیرەك توانیوێتی کاریگەری دروستبکات لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری سیاسی گەنجان، و هەروەها گەنجان متمانەیان بە بابەتە سیاسییە بڵاوکراوەکان لەسەر مۆبایلی زیرەك هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی مۆبایلی زیرەك سەرچاوە و ئامرازێکی متمانەدارن لای گەنجان سەبارەت بە بابەتە سیاسیە بڵاوکراوەکان.

**خشتەی (٩)**

**هۆکاری خوێندنەوەی بابەتە سیاسییەکان لەسەر مۆبایلی زیرەك لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە**

| بڕگەکان | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بۆ بەئاگابونم لە هەواڵ و زانیاری و ڕووداوە سیاسیەکان | ١١٩ | ٣٩,٨ | ١ |
| بۆ گەڕان بەدوای بابەتە سیاسیە ناوخۆیی وهەرێمی ونێودەوڵەتییەکان | ٨٩ | ٢٩,٨ | ٢ |
| بۆ ئاشنایەتیم بەکەسایەتییە سیاسییە جۆراجۆرەکان | ٣٤ | ١١,٤ | ٣ |
| بۆ زیادبونی زانیاریم دەربارەی دەزگا وناوەند ودامەزراوە سیاسییەکان | ٢٤ | ٨,٠ | ٤ |
| بۆ خوێندنەوەی فۆرمی سیاسی پارت وحزب وهاوپەیمانێتییەکان | ١١ | ٣,٧ | ٦ |
| بۆ هەڵسەنگاندنی نوێترین چالاکی وپەیوەندییە دیپلۆماسییەکان | ١٩ | ٦,٤ | ٥ |
| بۆ ئاگابوون لە شەڕی فەڵەستین و ئۆکرانیا | ١ | ٠,٣ | ٧ |
| بۆمووچە | ١ | ٠,٣ | ٨ |
| زانینی ئایندەی سیاسی وڵات | ١ | ٠,٣ | ٩ |
| **کۆی گشتی** | **١٤٥** | **١٠٠** | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٩)دەردەکەوێت دیارترین ئەو هۆکارانەی وایکردووە گەنجان مۆبایلی زیرەك بەکاربێنن بۆ بابەتە سیاسییەکان، (بۆ بەئاگابونیانە لە هەواڵ و زانیاری و ڕووداوە سیاسیەکان)، کە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی گەنجان دەیانەیەوێت ئاستی ڕۆشنبیری سیاسیان لەڕێگای مۆبایلی زیرەك پەرەپێبدەن و ئاگاییان هەبێت لەو دۆخە سیاسییەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، کە ئەمەش بۆخۆی کاردانەوەی دەبێت لەسەر بەشداری سیاسی

گەنجان و ئاستی تێگەیشتنیان بۆ ئەو ڕووداوە سیاسیانەی لەناوچەکە و جیهان ڕوودەدەن.
بەپلەی دووەمیش گەنجان دەیانەوێت لەرێگای مۆبایلی زیرەکەوە بەدواداچوون بکەن بۆ ئەو بابەتە سیاسیە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیانەی کە ڕودەدەن.
پاشان بە پلەی سێهەمیش دەیانەوێت لەرێگای بابەتە سیاسیەکانی نێو مۆبایلی زیرەك ئاشنایەتی بە کەسایەتیە سیاسیە جۆراوجۆرەکان پەیدا بکەن.
لەپلەی چوارەمدا گەنجان دەیانەوێت لەڕێگای موبایلی زیرەکەوە زانیاری دەربارەی دەزگا وناوەند ودامەزراوە سیاسییەکان وەربگرن، کە ئەمەش بنەمایەکی پێکهێنانی رۆشنبیری سیاسییە.
بەکارهێنانی موبایلی زیرەك بۆ خوێندنەوەی فۆرمی سیاسی پارت و حزب و هاوپەیمانێتییەکان، و هەڵسەنگاندنی نوێترین چالاکی وپەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لەپلەکانی پێنجەم و شەشەم دێن کە ئەمەش دەرخەری ئەوەیە توێژی گەنجان دەیانەوێت زیاتر ئاشنابن بە پرانسیپ و فۆرمی سیاسی حزبەکان و زانیارییان لەبارەیانەوە هەبێت، هەروەها ئەو سەردان کۆبونەوە و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکنیان هەلسەنگێنن و پێگەیان لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و جیهانی بزانن.
لەپلەکانی کۆتایشدا گەنجان دەیانەوێت لەرێگای موبایلی زیرەکەوە ئاگاداری دوایین زانیارییەکان بن لەبارەی ڕووداو پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بەتایبەت(شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائل وجەنگی نێوان ڕوسیا و ئۆکرانیا)، ئەمەش ئەوە پشتراست دەکاتەوە لەگەڵ ئەوەی گەنجان لەهەرێمی کوردستان زیاتر لەدووی ڕوداوە سیاسیە ناوخۆییەکان دەگەڕێن لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی بە ڕووداوە سیاسییە نێودەوڵەتییەکانیش دەدەن.

**خشتەی (١٠)**

**هۆکاری نەخوێندنەوەی بابەتە سیاسییەکان لەسەر مۆبایلی زیرەك لەلایەن گەنجان لە هەرێمی کوردستان**

| بڕگەکان | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| ئارەزووم بۆ بابەتی سیاسی نیە | ٧١ | ٤٩,٠ | ١ |
| زانیاری و هەواڵی سیاسی ناڕاستی تێدایە | ٣٦ | ٢٤,٨ | ٢ |
| پێداویستیم پرناکاتەوە | ١٢ | ٢٤,٨ | ٤ |
| دید وبۆچونە سیاسییەکان بەهەڵە دەخرێنەڕوو | ٧ | ٤,٨ | ٥ |
| بۆ ئەوەی توشی دەمارگیری سیاسی نەبم | ١٩ | ١٣,١ | ٣ |
| **کۆی گشتی** | **٢٩٩** | **١٠٠** | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٠) دەردەکەوێت، زۆرینەی ئەو گەنجانەی مۆبایلی زیرەك بۆ بابەتە سیاسیەکان بەکارناهێنن و بابەتە سیاسییەکان لەسەر مۆبایل ناخوێننەوە، ئەو گەنجانەن کە ئارەزوویان بۆ بابەتە سیاسیەکان نیە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە گەنجان هەر بەتەنها خولیایان بۆ بابەتە سیاسییەکان نییە، بەڵکو لەسەر مۆبایلی زیرەك، بابەتە کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، کلتوری و هونەرییەکانیش دەخوێننەوە، چات دەکەن و پەیوەندیش دەبەستن.

وە بەپلەی دووەمیش ئەو گەنجانە پێیان وایە مۆبایلی زیرەك زانیاری و هەواڵی ناڕاستی تێدایە، بە پلەی سێهەمیش بۆ ئەوە دەیگێڕنەوە کە نایانەوێت بەهۆی ئەو بابەتە سیاسیانەی دەزگاو ئاژانسە میدیاییەکان لەسەر مۆبایلی زیرەك بڵاوی دەکەنەوە، توشی دەمارگیری سیاسیان بکات.

**خشتەی (١١)**

**هۆکاری گرنگیدانی سامپڵی توێژینەوەکە بە جۆری بابەتە سیاسییەکان لەسەر مۆبایلی زیرەك**

| بڕگەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بابەتە سیاسییە ناوخۆییەکان | ١٠٧ | ٣٩,٦ | ١ |
| بابەتە سیاسییە هەرێمییەکان | ٨٥ | ٣١,٥ | ٢ |
| بابەتە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان | ٧٨ | ٢٨,٩ | ٣ |
| **کۆی گشتی** | **٢٧٠** | **١٠٠** | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی(١١) دەردەکەوێت، مۆبایلی زیرەك وای لە گەنجان کردووە، زیاتر گرنگی بە بابەتە سیاسییە ناوخۆییەکان بدەن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی دۆخی سیاسی لە هەرێمی کوردستان توێژی گەنجانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە، ئەمە جیا لەوەی ئەمە دەرخەری ئەوەیە مۆبایلی زیرەك توانیوێتی هۆکارێك بێت بۆئەوەی گەنجان هۆشیار بکاتەوە لەبارەی ئەو پرسە سیاسیانەی لە ناوچەکە دەگوزەرێت، بەدوای ئەویشدا مۆبایلی زیرەك وایکردووە بابەتە سیاسییە هەرێمایەتیەکان بە پلەی دووەم کاریگەری لەسەر گەنجان دروست بکات، پاشان پرسە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان، ئەم ڕیزبەندییە لە بایەخپێدانی گەنجان بە پرسە سیاسییەکان ئاستی ڕۆشنبیری و درکپێکردنی گەنجان نیشان دەدات لەوەی بەپێی دوری نزیکی لەو ژینگەیەی تێدا دەژین سەرەتا ڕوداوە ناوخۆییەکان گرنگی پێبدەن.

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە(١٢) دەردەکەوێت، سامپڵی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم و بە نێوەندی ژمێرەیی(١,٣٩ ) و بە لادانی پێوەری(.٦٦٩) ڕایان وایە، بابەتە بڵاوکراوەکانی سەر مۆبایلی زیرەك زانیاریانە لەسەر کەسایەتیە سیاسییەکان زیاد دەکات، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەسایەتییە سیاسییەکان هاوشێوەی گەنجان متمانەیان بە مۆبایلی زیرەك هەیە تا لەڕیگای ئەپ و پرۆگرامەکانیەوە، زانیار و بۆچوونە سیاسییەکانیان لەسەر ئەپ و خزمەتگوزارییەکانی بڵاوبکەنەوە و بیگەیەنن بە وەرگر و جەماوەرەکانیان وە بەتایبەتیش گەنجان، ئەمەش ئاست و کاریگەری مۆبایلی زیرەك لەسەر ڕۆشنبیری سیاسی دیاریدەکات.

خشتەی ژمارە (١٢)

پلەی ڕازیبوونی گەنجان لە هەرێمی کوردستاندا لەبەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆشنبیری سیاسیاندا

| ژمارە | مۆبایلی زیرەك / ڕۆشنبیری سیاسی | لەگەڵیدام: دوبارەبونەوە | لەگەڵیدام: ڕێژەی سەدی | بێلایەنم: دووبارەبونەوە | بێلایەنم: ڕێژەی سەدی | لەگەڵیدانیم: دووبارەبونەوە | لەگەڵیدانیم: ڕێژەی سەدی | نێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بابەتە سیاسییە بڵاوکراوەکانی نێو ئەپەکانی مۆبایلی زیرەك زانیاریم لەسەر کەسایەتیە سیاسییەکان زیاد دەکات | 90 | 45.0 | 23 | 11.5 | 13 | 6.5 | 1.39 | .669 | 1 |
| ٢ | بابەتە سیاسییە بڵاوکراوەکانی نێو ئەپەکانی مۆبایلی زیرەك ئاشنایەتیم بۆ دەزگا ودامەزراوە سیاسییەکان فراوانتر دەکات | 89 | 44.5 | 16 | 8.0 | 21 | 10.5 | 1.46 | .766 | 2 |
| ٣ | بابەتە سیاسییە بڵاوکراوەکانی نێو ئەپەکانی مۆبایلی زیرەك دید وبۆچون وسەرنجی سیاسیم لا دروست دەکات سەبارەت بەڕووداوە سیاسییەکان | 74 | 37.0 | 32 | 16.0 | 20 | 10.0 | 1.57 | .753 | 4 |
| ٤ | بابەتە سیاسییە بڵاوکراوەکانی نێو ئەپەکانی مۆبایلی زیرەك یارمەتیم دەدا بە شێوەیەکی لۆژیکی و دوور لە سۆز و هەڵچوون لە سروشتی بابەتەکان تێبگەم | 41 | 20.5 | 33 | 16.5 | 52 | 26.0 | 2.09 | .858 | 9 |
| ٥ | بابەتە سیاسییە بڵاوکراوەکانی نێو ئەپەکانی مۆبایلی زیرەك مۆرکی نیشتمانیان پێوەدیارە | 23 | 11.5 | 18 | 9.0 | 85 | 42.5 | 2.49 | .787 | 10 |

خشتەی ژمارە (١٢)

پلەی ڕازیبوونی گەنجان لە هەرێمی کوردستاندا لەبەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆشنبیری سیاسیاندا

| ژمارە | مۆبایلی زیرەك / ڕۆشنبیری سیاسی | لەگەلیدام | | بێلایەنم | | لەگەڵیدانیم | | پێوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | | | |
| ٦ | بابەتە سیاسییە بڵاوکراوەکانی نێو ئەپەکانی مۆبایلی زیرەك نەیتوانیوە پێشبینیکردنم بۆ ئایندە وئاسۆی سیاسی دروست و ورد بێت | 50 | 25.0 | 29 | 14.5 | 46 | 23.0 | 2.13 | 1.988 | 7 |
| ٧ | بابەتە سیاسییە بڵاوکراوەکانی نێو ئەپەکانی مۆبایلی زیرەك ناتوانێ گۆڕانکاری لە بیرو باوەڕی سیاسیمدا بکەن | 45 | 22.5 | 30 | 15.0 | 51 | 25.5 | 2.05 | .875 | 8 |
| ٨ | بابەتە سیاسییە بڵاوکراوەکانی نێو ئەپەکانی مۆبایلی زیرەك لەئاستی ئەو دید وهەڵوێستە سیاسییانەدا نیە کەدەخرێنەڕوو | 58 | 29.0 | 37 | 18.5 | 31 | 15.5 | 1.79 | .816 | 6 |
| ٩ | بابەتە سیاسییە بڵاوکراوەکانی نێو ئەپەکانی مۆبایلی زیرەك بۆتە هۆی تێرنەکردنی پێویستییە سیاسییەکانم | 81 | 40.5 | 32 | 16.0 | 13 | 6.5 | 1.46 | .677 | 3 |
| ١٠ | بابەتە سیاسییە بڵاوکراوەکانی نێو ئەپەکانی مۆبایلی زیرەك ئاشنای نەکردوم بەسروشتی ژینگەی سیاسی لەسەر ئاستی ناوخۆیی وهەرێمی ونێودەوڵەتی | 68 | 34.0 | 20 | 10.0 | 37 | 18.5 | 1.75 | .886 | 5 |

گەنجان لە هەرێمی كوردستان بە پلەی دووەم و بە نێوەندی ژمێرەیی(١,٤٦) و لادانی پێوەری (.٧٦٦)بۆچونیان وایە، بابەتە سیاسییە بڵاوكراوەكانی نێو ئەپەكانی مۆبایلی زیرەك ئاشنایەتییان بۆ دەزگا ودامەزراوە سیاسییەكان فراوانتر دەكات، ئەمەش ئاستی متمانەبوونی گەنجان بە مۆبایلی زیرەك دەردەخات كە هاوكاریان دەبێت لە ئاشنابونیان بەو دەزگا و دامەزراوە سیاسیانەی لەهەرێمی كوردستان كار و خەباتی سیاسی دەكەن، كە ڕەنگە ئەو ئاشنایەتییە دواجار ببێتە فاكتەرێك بۆ هاندانی گەنجان كە لەو دەزگا و ڕێكخراوە سیاسیانەدا دەست بە كاری سیاسی بكەن.

لە لایەكی دیكەوە، خوێندكاران بەپلەی ماماوەند، بەنێوەندی ژمێرەیی (١,٤٦) و لادانی پێوەری (.٦٧٧)پێیانوایە، بابەتە سیاسییە بڵاوكراوەكانی نێو ئەپەكانی مۆبایلی زیرەك وایكردووە پێداویستیە سیاسییەكانی گەنجان تێرنەكات، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی گەنجان لەپاڵ مۆبایلی زیرەكدا، كەناڵ و ئامرازی دیكەی میدیایی بەكاردەهێنن.

گەنجان لە هەرێمی كوردستان بە نێوەندی ژمێرەیی(١,٥٧) و لادانی پێوەری (.٧٥٣) بۆچونیانوایە، بابەتە سیاسییە بڵاوكراوەكانی نێو ئەپەكانی مۆبایلی زیرەك دید وبۆچون وسەرنجی سیاسیان لا دروست دەكات سەبارەت بەڕووداوە سیاسییەكان، ئەمەش ئەوە دەردەخات مۆبایلی زیرەك تاڕادەیەك ڕۆڵ و كاریگەری هەبووە لەسەر ڕۆشنبیری سیاسی گەنجان لە هەرێمی كوردستان و توانیوێتی گەنجان هانبدات لەڕێگای مۆبایلی زیرەكەوە، لەبارەی پرس و بابەتە سیاسە هەنوكەیی و گەرمەكانەوە پرس بكەن،سەرنج بخەنەڕوو، دید و بۆچونی سیاسیش دەرببڕن.

هەروەها گەنجان بە نێوەندی ژمێرەیی(٢,٤٩) و لادانی پێوەری(.٧٨٧) پێیانوایە، بابەتە سیاسییە بڵاوكراوەكانی نێو ئەپەكانی مۆبایلی زیرەك مۆركی نیشتمانیان پێوە دیارنیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی تاڕادەیەك ئەو بابەتە سیاسیانەی بڵاودەكرێنەوە لەلایەن دەزگا و حزب و ڕێكخراوە سیاسییەكانەوە، كەمتر بابەتی پرسە نەتەوەییەكانن، ئەمەش خاڵێكی نەرێنییە، وە پێوستی بە پێداچوونەوە و چاككردنی كەموكورتییەكان هەیە لەلایەن حزب و دەزگا و ناوەندە سیاسیەكان.

بەشێوەیەكی گشتی پاش وردبونەوە لەو ئەنجامانەی باسكران، بۆمان دەردەكەوێت، مۆبایلی زیرەك بەپلەی یەكەم، ئامراز و سەرچاوەی دەستگەیشتنی گەنجانە بە پرسە سیاسییەكان و كاریگەری گەورەشی دروستكردووە لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری سیاسییان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەزگا و حزب و ڕێكخراوە سیاسییەكان وەك پێویست نەیانتوانیوە لەڕێگەی مۆبایلی زیرەكەوە كاری ورد و جدی بكەن بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی پرانسیپ و سیاسەتی حزبەكانیان پەیامی سیاسی دروست، بگەیەنن بە گەنجان و كاریگەریی سیاسی گەورە لە زهنیەتیاندا دروستبكەن، ئەگەرچی ئەمە خاڵێكی نەرێنیە بەڵام دەتوانرێت ئەم ئاماژە نەرێنییە بگۆڕێت بۆ ئاماژەی ئەرێنی و تێڕوانینی گەنجان بۆ ئەو بابەتە سیاسییانەی لەرێگەی مۆبایلی زیرەكەوە بڵاودەكرێنەوە بگۆڕن.

## دەرەنجامەکان و ڕاسپاردەکان و پێشنیازەکان

### ١) دەرەنجامەکان:

دوای خستنەڕووی لایەنی تیۆری و پراکتێکی و کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکانی سامپڵی توێژینەوەکە بە بەکارهێنانی پێوەر و شێوازە ئامارییەکان، لێرەدا گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە دەخەینەڕوو:

١. زۆرینەی سامڵی توێژینەوەکە بەبەردەوامی مۆبایلی زیرەك بەکاردەهێنن، بەشێوەیەك ڕۆژانە بۆ ماوەی ( ٥کاتژمێر و زیاتر) پشتی پێدەبەستن.
٢. زۆرینەی سامپڵی توێژنەوەکە مۆبایلی زیرەك بۆ گەڕان بەدوای هەواڵ و بابەتە سیاسییەکان بەکاردەهێنن.
٣. زۆرینەی ئەو گەنجانەی بابەتی سیاسی لەسەر مۆبایلی زیرەك ناخوێننەوە بە پلەی یەکەم ئارەزوویان بۆ بابەتی سیاسی نییە، بەشێکیشیان دەڵێن،بابەتەکانی نێو مۆبایلی زیرەك هەواڵی سیاسی ناڕاستی تێدایە.
٤. زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە لەرێگای ئەپ و پرۆگرامەکانی مۆبایلی زیرەکەوە زانیاری سیاسی جۆراوجۆر بڵاودەکەنەوە.
٥. مۆبایلی زیرەك بەپلەی یەکەم، ئامراز و سەرچاوەی دەستگەیشتنی گەنجانە بە پرسە سیاسییەکان و کاریگەری گەورەشی دروستکردووە لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری سیاسییان.
٦. دەزگا و حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان وەك پێویست نەیانتوانیوە لەرێگەی مۆبایلی زیرەکەوە کاری ورد و جدی بکەن بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی پرانسیپ و سیاسەتی حزبەکانیان پەیامی سیاسی دروست، بگەیەنن بە گەنجان.
٧. مۆبایلی زیرەك تارادەیەك ڕۆڵ و کاریگەری هەبووە لەسەر ڕۆشنبیری سیاسی گەنجان لە هەرێمی کوردستان و توانیوێتی گەنجان هانبدات لەرێگای مۆبایلی زیرەکەوە، لەبارەی پرس و بابەتە سیاسە هەنوکەیی و گەرمەکانەوە پرس بکەن،سەرنج بخەنەڕوو، دید و بۆچونی سیاسیش دەرببڕن.
٨. بەپێی خشتەی ژمارە(١٢)، لە بڕگەی (٣) هاتووە (بابەتە سیاسییە بڵاوکراوەکانی نێو ئەپەکانی مۆبایلی زیرەك دید وبۆچون وسەرنجی سیاسیم لا دروست دەکات سەبارەت بەرووداوە سیاسییەکان) ڕێژەی دووبارەبونەوەی ئەو کەسانەی دەڵێن(لەگەڵیداین)،(٧٤) کەسن بەرێژەی (٣٧,٠)، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکەیە ئەم دەرەنجامە لێرەوە وەرمگرتووە.

### ٢) ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

١. دەزگا و ناوەندە سیاسیەکان زیاتر گرنگی بە ڕاستی و دروستی زانیارییەکان و ناوەڕۆکی بابەتە سیاسییەکانیان بدەن بەتایبەت کە لەڕێگای ئەپ و پرۆگرامەکانی مۆبایلی زیرەك و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بڵاویدەکەنەوە، تاوەکو گەنجان بتوانن ڕۆشنبیری سیاسیان

پەرەپێبدەن و لە رووداوە ساسییەکان باشتر تێبگەن.

٢. ئەم توێژنەوەیە دەتوانێت سودێکی باشی هەبێت بۆ تەواوی ڕێکخراو و حزب و کەسایەتییە سیاسییەکان تا لەرێگایەوە پلانە سیاسییەکانیان بەشێوەیەکی زانستی دابڕێژنەوە.

٣. حزب و لایەنە سیاسییەکان دەتوانن سود لە مۆبایلی زیرەك وەربگرن وەك ئامرازێکی پەیوەندیکردنی ئاسان و کاریگەر بۆ ئەوەی بتوانن بە کەمترین کات و تێچوو پەیامە سیاسییەکانیان بگەیەننە بەزۆرترین کەس لە ئەندام و لایەنگرانیان.

٤. کەناڵ و میدیا ئەلکترۆنییەکان زیاتر گرنگی بەو بابەتە سیاسیانە بدەن کە مۆرکی نەتەوایەتییان پێوەدیارە.

### ٣) پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:

١. دەکرێت توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژنەوەیە لەسەر کاریگەری مۆبایلی زیرەك لەسەر جۆرەکانی دیکەی ڕۆشنبیری (کلتور، هونەر،تەندروستی و ئاینیی)بکرێت، بەتایبەت لەئێستادا ئاستەنگێکی گەورە هەیە لەسەر کلتور و هونەری کوردی وتوێژنەوە لەم بوارەدا زۆرکەمە بۆ نمونە (کاریگەری موبایلی زیرەك لەسەر ڕۆشنبیری تەندروستی ژنانی گەنج لە هەرێمی کوردستاندا )

٢. دەکرێت توێژینەوەی زانستی لەسەر کاریگەرییەکانی دیکەی مۆبایلی زیرەك بکرێت لەوانە کاریگەری میدیایی مۆبایلی زیرەك لەسەر تەواوی بوارەکان، کە توێژینەوەی زانستی هەڵدەگرێت.

بۆنمونە (کاریگەریی میدیایی بەکارهێنانی موبایلی زیرەك لە لای ڕۆژنامەنووسانی هاوڵاتی لە پارێزگای سلێمانی )

# ليستی سەرچاوەكان

**يەكەم: كتێب**

**أ- بەزمانی كوردی**

١. سەروەر حەمە(٢٠١٣)، ڕۆشنبیری سیاسی، چاپی یەكەم، چاپخانەی موكریان، هەولێر.
٢. كەمال مەنوفی (٢٠٠٧)، تیۆری سیستەمە سیاسییەكان، و:ئاوات ئەحمەد، چاپی یەكەم، چاپخانەی یاد.

**ب- بەزمانی عەرەبی**

٣. خاليد خليل الصقور (٢٠٠٢)، الاعلام والتنشئة الاجتماعية، دار اسامة للنشر والتوزيع، عمان.
٤. الطيب، مولود زايد (٢٠٠٧)، علم االجتماع السياسي، دار الكتب العربية، ليبيا.
٥. حارث عبود ومزهر العاني (٢٠١٧)، إلاعلام والهجرة إلى العصر الرقمي، دار و مكتبة الحامد للنشر والتوزيع, ط١، عمان.
٦. حسين علي الفالحي (٢٠١٣)، الاعلام التقليدى و الاعلام الجديد، دار غيداء للنشر والتوزيع عمان.
٧. محمد على (١٩٩٣)، "ديمقراطية الثقافة السياسية"، في كتاب الحرية والديمقراطية وعروبة، مصر: المؤسسة العربية للدراسات.
٨. على ليلة (٢٠٠٤)، الشباب و المجتمع : أبعاد الإتصال و الإنفصال، المكتبة المصرية، الإسكندرية.

**دووەم: گۆڤار**

**أ. بەزمانی كوردی**

٩. بەناز ڕەسوڵ (٢٠٢٢)، ڕۆڵی ئەپڵیكەیشنەكانی موبایلی زیرەك لە كاراكردنی ڕۆژنامەوانی هاووڵاتی لە هەرێمی كوردستاندا،گۆڤاری كوردستانیی بۆ لێكۆڵینەوەوەی ستراتییجی.
١٠. فواد عەلی (٢٠٢٠)، ڕۆشنبیری سیاسی وكاریگەری لە نێو كایەی سیاسیدا، ناوەندی كوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەكان.

ب. بەزمانی عەرەبی

١١. أبراهيم، بوعزيزة (٢٠١١)، دور الوسائل الأعلام الجديدة في تصور المتلقي إلى مرسل وظهور صحافة المواطن، مجلة الإذاعات العربية العدد ٣.
١٢. أحمد دعاء أبو المجد (٢٠٢١)، فاعلية استخدام بعض تطبيقات العاتف النقال في تنمية المفاهيم المرتبطة بتصميم وانتاج صفحات الويب. مجلة جامعة جنوب الوادى الدولية للعلوم التربوية, العدد السادس.
١٣. أحمد محمد عبد الحميد (٢٠٢١ )، (توظيف طلاب الإعلام لتطبيقات الهواتف الذكية (Smart Phones) في تطوير جانبي التعلم والتدريب، المجلة المصرية لبحوث الإعلام، العدد٧٤.
١٤. الخضمي، أحمد علي محمد (٢٠٢٠)، دور التنشئة والوعى والمشاركة السياسية فى بناء الشخصية السياسية، مجلة الاندلس للعلوم الإنسانية والاجتماعية.

١٥. طربية, ختام عناني، محمد عصام(٢٠٠٧) التربية الوطنية والتنشئة السياسية. دار الحامد للنشروالتوزيع.
١٦. احمد علي العنانبة(٢٠٢٠)، دور الهاتف الخليوي الذكي في تقليل اعتماد طلبة الجامعة الأردنية على الصحافة المطبوعة، مجلة الزرقاء للبحوث و الدراسات الإنسانية، مجلد ٢٠.
١٧. فوزى نورالدين(٢٠١٨)، تأثير شبكات التواصل الاجتماعي على الثقافة السياسية،مجلة المفكر المجلد ١٣ / العدد ٢.
١٨. زيتون، كمال عبد الحميد (٢٠٠٢)تكنولوجيا التعليم في عصر المعلومات و الاتصالات، المستقبل العربي، مج. ٢٥.
١٩. حسيبة لولي(٢٠١٦)، الشباب قراءة في مقاربته وخصائصه، المجلة المربي،العدد١٩،

**سێهەم: تێزی دکتۆرا و ماستەر**

**أ- بەزمانی عەرەبی:**

٢٠. زينب الموش (٢٠١٨) دور التطبيقات الهواتف الذكية في تفعيل صحافة المواطن، المتلقي الوطنى حول الصحافة الموبايل، جامعة بسكرة، جزائير.
٢١. أميرة فنيش نوال (٢٠١٩)، استخدام طلبة جامعة المسيلة للهواتف الذكية فى الحصول على المعلومات، جامعة محمد بوضياف-المسيلة، الجزائر.
٢٢. جيملي بوبكر، دليو فضيل. (٢٠٠٨)،الشباب والمشاركة السياسية في الجزائر، جامعة الجزائر.
٢٣. رضوان سائد سعيد محمد (٢٠١٦)، اعتماد الشباب الفلسطيني على الصحافة الهاتف المحمول كمصدر اللأخبار وقت الأزمات، كلية الآداب جامعة الاسلامية.
٢٤. رعد حافظ سالم، (٢٠١١). مباديء التنشئة السياسية، المكتبة. المكتبة المصرية للمعلومات مصر.
٢٥. بلباى اشواق، اعراج فطيمة(٢٠٢٠)، تفاعلية التطبيقات الإلكترونية في الهواتف الذكية، جامعة الوادي.
٢٦. حسام علي الحاج (٢٠٢٠). الثقافة السياسية وأثرها على المشاركة السياسية في المجتمع الليبي. كلية القانون جامعة طرابلس.

**ب. بەزمانی ئینگلیزی:**

27. Rasan, N. (2016). Some pyschological and social variables predicting smartphone addiction. international Journal of Educational and psychological Sciences.

**چوارەم: ئینتەرنێت**

**أ- بەزمانی کوردی**

٢٨. دیدا خدر(٢٠٢٣) سیستەمی مۆبایل و نەوەکانی، لەبەرواری ١١-٧-٢٠٢٣ تویژور سەردانیکردووە،https://itechkurd.net/7140 /

**ب- بەزمانی عەرەبی**

٢٨. الجزيرة(٢٠١٦) الهاتف الذكي.. العالم كله بجهاز واحد، بابەتێکە لە کەناڵی جەزیرە نوسراوە لە بەرواری (٢٠١٤/٥/١٨) لە ماڵپەڕی (https://rb.gy/9dc16i) بڵاو کراوەتەوە توێژەر لەبەرواری (٢٠٢٣/٩/١١) سەردانیکردووە.

٢٩. محمەد مروان (٢٠٢١)، أهمية الهاتف في حياتنا، بابەتێکە لە بەرواری (١٦-٣-٢٠٢١) لە ماڵپەڕی (https://rb.gy/95yt4u) بڵاوکراوەتەوە توێژەر لە بەرواری (٨-١١-٢٠٢٣) سەردانیکردووە.

٣٠. نهال نعواش (٢٠٢١)، إيجابيات وسلبيات الهاتف النقال، بابەتێکە لە بەرواری (٥-٨-٢٠٢١) لە ماڵپەڕی (https://rb.gy/uam4sn) بڵاوکراوەتەوە توێژەر لە بەرواری (٢٨-١١-٢٠٢٣) سەردانیکردووە.

٣١. (UN, 2024)، **Who Are the Youth?**، ڕاپۆرتێکە لەسەر ماڵپەڕی فەرمی نەتەوە یەکگرتووەکان(https://www.un.org/en/global-issues/youth) بڵاوکراوەتەوە،توێژەر لەبەرواری (٣-٤-٢٠٢٤) سەردانیکردووە.

## پاشکۆی (١)

**ئەنجامی هەڵسەنگێنەرانی ڕاستی ڕواڵەتی فۆڕمی ڕاپرسی**

| زنجیرە | ناوی هەڵسەنگێنەران | بڕگە نەگونجاوەکان | بڕگە گونجاوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆفیسۆر.د. يحيى عومەر فتاح | ٥ | ٧٧ |
| ٢ | پ.ی.د.پاقێ جميل احمد | ١ | ٨١ |
| ٣ | پ.ی.د.کاروان عەلی قادر | ٦ | ٧٦ |
| ٤ | پ.ی.د.کاروان محمد حسن | ٢ | ٨٠ |
| ٥ | پ.ی.د.عومەر ئەحمەد ڕەمەزان | ٢ | ٨٠ |
| ٦ | د.شوان ئادەم ئەيڤەس | ٠ | ٨٢ |

کۆی بڕگەکان = ٨٢
کۆی بڕگە نەگونجاوەکان = ١٧
بڕگە گونجاوەکان = ٦٥

هاوکێشەی ڕاستی ڕواڵەت = بڕگە گونجاوەکان/کۆی بڕگەکان×١٠٠.
واتە: ڕاستی فۆڕمی ڕاپرسی = ٦٥/٨٢×١٠٠= ٧٩،٢٦٪.
ئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕاستیی ڕواڵەتی ئامڕازی توێژینەوەکە.

# پاشکۆی (٢)
## وێنەیەک لە فۆڕمی ڕاپرسییەکە

1

زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
کۆلیژی تەکنیکی کارگێڕی
بەشی تەکنیکی میدیا / تەلەفزیۆن
خوێندنی باڵا/ ماستەر

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣
ژمارەی فۆرم :

برای بەرێز.....خوشکی ئازیز

سلاوێکی گەرم......
ئەم فۆرمەی لەبەر دەستتدایە تایبەتە بە توێژینەوەیەکی زانستی، بۆ بەدەستهێنانی بروانامەی ماستەربە ناونیشانی **(کاریگەری مۆبایلی زیرەك لەسەر ڕۆشنبیری سیاسی گەنجان لە هەرێمی کوردستان)** داواکارین بەپڕکردنەوەی ئەم فۆرمە و وەلامدانەوەی بە شێوەیەکی ورد و ڕاست هاوکاریمان بکەن، ئەو زانیاریانەی لە ڕێگەی ئەم فۆرمەوە بەدەستمان دەگات، تەنها بۆ مەبەستی توێژینەوەی ناوبراو بەکاردەهێنرێت.

لەگەڵ ڕێز وپێزانینمان بۆ هاوکاری کردنتان...

سەرپەرشتیار
پ.ی.د.ڕێبەر گۆران مستەفا

توێژەر
توانا مستەفا رەشید

2

**يەکەم: تایبەتمەندییە دیموگرافیەکان:**

١- ڕەگەز: نێر ☐ مێ ☐

٢- ئاستی خوێندەواری: بنەڕەتی ☐ ئامادەیی ☐ دبلۆم ☐ بەکالۆریۆس ☐
ماستەر ☐ دکتۆرا ☐

٣- تەمەن: کەمتر لە ٢٠ ساڵ ☐ لە ٢٠ بۆ ٢٥ ساڵ ☐ لە ٢٦ بۆ ٣١ ساڵ ☐
لە ٣٢ بۆ ٣٧ ساڵ ☐ لە ٣٧ ساڵ وزیاتر ☐

٤- داهاتی مانگانە: کەمتر لە ٢٥٠ هەزار دینار ☐ لە ٢٥٠ بۆ ٥٠٠ هەزار دینار ☐
لە ٥٠٠ بۆ ٧٥٠ هەزار دینار ☐ زیاتر لە ٧٥٠ هەزار دینار ☐

٥- پارێزگا : سلێمانی ☐ هەولێر ☐ دهۆك ☐ هەڵەبجە ☐

**دووەم: بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك لە لایەن گەنجان لە هەرێمی کوردستان**

6- تا چ رادەیەك مۆبایلی زیرەك بەکاردەهێنیت؟

بەردەوام ☐ هەندێکجار ☐ بەدەگمەن ☐

7- لە کەیەوە مۆبایلی زیرەك بەکاردێنیت؟

کەمتر لە ١ ساڵ ☐

١ساڵ بۆ ٣ ساڵ ☐

4 ساڵ بۆ ٦ ساڵ ☐

٧ ساڵ و زیاتر ☐

8- ڕۆژانە چەند کاتژمێر مۆبایلی زیرەك بەکار دەهێنیت؟

کەمتر لە ١ کاتژمێر ☐ ١ تا ٢ کاتژمێر ☐ ٣ بۆ ٤ کاتژمێر ☐ ٥ کاتژمێر و زیاتر ☐

9- پشت بەکام سیستەم دەبەستیت بۆ بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك؟

ئای ئۆ ئێس ☐ ئەندرۆید ☐ هەردوکیان ☐

10- زیاتر گرنگی بەچ جۆرە ئەپێك یان پرۆگرامێك دەدەیت لەڕێگای مۆبایلی زیرەکەوە؟

ئەپەکانی پلاتفۆرمی تۆری کۆمەڵایەتی و تۆڕە زیرەکەکان ☐

گوگڵ ☐

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ☐

ئەپەکانی چاتکردن و پەیوەندیکردن ☐

دیکە، تکایە بینوسە: ......................................

3

**سێیەم: مۆبایلی زیرەك و ڕۆشنبیری سیاسی:**

11- ئایا بابەتی سیاسی لەسەر مۆبایلی زیرەك دەخوێنیتەوە؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐

12- ئەگەر وەلامی پرسیاری پێشووت بەڵێیە، بۆچی بابەتی سیاسی لەسەر مۆبایلی زیرەك دەخوێنیتەوە؟ (دەتوانی لەبژاردەیەك زیاتر ئاماژە پێبدەیت)

- بۆ بەئاگابونم لە هەواڵ و زانیاری و ڕووداوە ساسیەکان ☐
- بۆ گەڕان بەدوای بابەتە سیاسیە ناوخۆیی وهەرێمی ونێودەوڵەتییەکان ☐
- بۆ ئاشنایەتیم بەکەسایەتییە سیاسییە جۆراجۆرەکان ☐
- بۆ زیادبونی زانیاریم دەربارەی دەزگا وناوەند ودامەزراوە سیاسییەکان ☐
- بۆ خوێندنەوەی فۆرمی سیاسی پارت وحزب وهاوپەیمانێتییەکان ☐
- بۆ هەڵسەنگاندنی نوێترین چالاکی وپەیوەندییە دیپلۆماسییەکان ☐

دیکە، تکایە بینوسە: ..................................

13- ئەگەر وەلامی پرسیاری برگەی پێشووتر (ژمارە١١)نەخێرە،بۆچی بابەتی سیاسی لەسەر موبایلی زیرەك ناخوێنیتەوە؟ (دەتوانی لەبژاردەیەك زیاتر ئاماژە پێبدەیت)

- ئارەزووم بۆ بابەتی سیاسیی نیە ☐
- زانیاری و هەواڵی سیاسی ناڕاستی تێدایە ☐
- پێداویستیم پرناکاتەوە ☐
- دید وبۆچونە سیاسییەکان بەهەڵە دەخرێنەڕوو ☐
- بۆ ئەوەی توشی دەمارگیری سیاسی نەبم ☐

14- مۆبایلی زیرەك وات لێدەکات زیاتر گرنگی بەچ جۆرە بابەتێکی سیاسی بدەیت؟ (دەتوانی لەبژاردەیەك زیاتر ئاماژە پێبدەیت)

- بابەتە سیاسییە ناوخۆییەکان ☐
- بابەتە سیاسییە هەرێمییەکان ☐
- بابەتە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان ☐

4

15– ئایا متمانەت بەبابەتە سیاسییە بڵاوکراوەکانی سەر مۆبایلی زیرەك هەیە؟

زۆر ☐ تاڕادەیەك ☐ باوەڕی پێناکەم ☐

16– تاچ ڕادەیەك بەشداری دەکەیت لە بابەتی سیاسی بڵاوکراوەی نێو مۆبایلی زیرەك لەڕێی خزمەتگوزارییە جۆراجۆرەکانیەوە؟

زۆرجار ☐ هەندێکجار ☐ بەشدارییناکەم ☐

17– ئاستی کارلێککردنت چەندە لەگەڵ بابەتی سیاسی بڵاوکراوەی نێو مۆبایلی زیرەك؟

| ژ | مۆبایلی زیرەك | ئاستی کارلێکردن | | |
|---|---|---|---|---|
| | | بەردەوام | هەندێك جار | بەدەگمەن |
| 1 | لەڕێی ئەپ وپرۆگرامەکانەوە زانیاری سیاسی جۆراوجۆر لەسەر مۆبایلی زیرەك بڵاودەکەمەوە. | | | |
| 2 | کۆمێنت لە سەر بابەتە سیاسییەکان دەنووسم. | | | |
| 3 | وێنە و ڤیدیۆ و لینکی تایبەت بەڕووداوە سیاسییەکان دادەنێم. | | | |
| 4 | پرسیار دەخەمەڕوو سەبارەت بەو بابەتە سیاسیانەی بەلامەوە گرنگن. | | | |
| 5 | تۆڕی پەیوەندییم لەگەڵ دۆست وهەوادار ولایەنگر وئەندامانی پارتە سیاسی وڕێکخراوە ناحکومییەکاندا دروست کردووە. | | | |
| 6 | کۆمێنت وبابەتە سیاسییە بڵاوکراوەکان دەخوێنمەوە. | | | |
| 7 | گفتوگۆ و نامە ئاڵوگور دەکەم لەسەر پرسە سیاسییەکان. | | | |
| 8 | سەردانی ماڵپەر ولاپەڕەی میدیایی دەزگا وپارت وڕێکخراوەکان دەکەم. | | | |

18– ئایا بابەت و بڵاوکراوەی سیاسیت لەسەر مۆبایلی زیرەك دابەزاندوە بۆ ئەوەی لەکاتێکی تر بیخوێنیتەوە؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐

5

19- بە ئەرك نەبێت پلەی رازیبوونت بۆ ئەم برگانەی لای خوارەوە دەستنیشان بکە؟

| ژ | برگە | لەگەڵیدام | بێلایەنم | لەگەڵیدا نیم |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بابەتە سیاسییە بلأوکراوەکانی نێو ئەپەکانی مۆبایلی زیرەك زانیاریم لەسەر کەسایەتیە سیاسییەکان زیاد دەکات. | | | |
| 2 | بابەتە سیاسییە بلأوکراوەکانی نێو ئەپەکانی مۆبایلی زیرەك ئاشنایەتیم بۆ دەزگا ودامەزراوە سیاسییەکان فراوانتر دەکات. | | | |
| 3 | بابەتە سیاسییە بلأوکراوەکانی نێو ئەپەکانی مۆبایلی زیرەك دید وبۆچون وسەرنجی سیاسیم لا دروست دەکات سەبارەت بەڕووداوە سیاسییەکان. | | | |
| 4 | بابەتە سیاسییە بلأوکراوەکانی نێو ئەپەکانی مۆبایلی زیرەك یارمەتیم دەدا بە شێوەیەکی لۆژیکی و دوور لە سۆز و هەڵچوون لە سروشتی بابەتەکان تێبگەم. | | | |
| 5 | بابەتە سیاسییە بلأوکراوەکانی نێو ئەپەکانی مۆبایلی زیرەك مۆرکی نیشتمانیان پێوەدیارە. | | | |
| 6 | بابەتە سیاسییە بلأوکراوەکانی نێو ئەپەکانی مۆبایلی زیرەك نەیتوانیوە پێشبینیکردنم بۆ ئایندە وئاسۆی سیاسی دروست و ورد بێت. | | | |
| 7 | بابەتە سیاسییە بلأوکراوەکانی نێو ئەپەکانی مۆبایلی زیرەك ناتوانێ گۆرانکاری لە بیرو باوەڕی سیاسیمدا بکەن. | | | |
| 8 | هەڵویستەکانم لەسەر بابەتە سیاسییەکانی نێو ئەپەکانی مۆبایلی زیرەك لەئاستی ئەو دید وهەڵوێستە سیاسییانەدا نیە کەدەخرێنەڕوو. | | | |
| 9 | فرەیی سەرچاوەی زانیاری بابەتە سیاسییە بلأوکراوەکانی نێو ئەپەکانی مۆبایلی زیرەك بۆتە هۆی تێرنەکردنی پێویستییە سیاسییەکانم. | | | |
| 10 | بابەتە سیاسییە بلأوکراوەکانی نێو ئەپەکانی مۆبایلی زیرەك ئاشنای نەکردوم بەسروشتی ژینگەی سیاسی لەسەر ئاستی ناوخۆیی وهەرێمی ونێودەوڵەتی. | | | |